# چەند بەشێك لە بیروباوەڕ

## (پەیامی شامی)

نووسینی:
عبدالعزیز بن مرزوق الطریفي

وەرگێڕانی:
ئومێد عمر علی

پێداچوونەوەی:
پشتیوان سابیر عەزیز

# چەند بەشێك لەبیروباوەڕ

## (پەیامی شامی)


نووسینی: عبدالعزیز بن مرزوق الطریفي

وەرگێڕانی: ئومێد عمر علی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



ساڵی: ٢٠٢٠ز-١٤٤١ك



ماڵپەری زادی

www.zadyreman.com

فەیسبووك

www.fb.com/zadyreman

تویتەر

twitter.com/zadyreman

ئیمەیل

Zadyreman@gmail.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أَعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا ١﴾ النساء: ١

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوۡلًا سَدِيدًا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أَمَّا بَعْدُ:فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلَى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

# بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

دوای ئەوەی کتێبی چەند بەشێک لە بیروباوەڕ (پەیامی شامی) وەرگێڕانی بۆ کرا و بڵاوکرایەوە، لە نووسینی زانای پایەبەرز (شیخ عبدالعزیز الطریفي)، کە هەرچەندە کتێبێکی بچووکە، بەڵام نرخ و گەورەیی و بەپێزی کتێبەکە زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەترە، بۆیە زۆر بەخێرایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوویەوە.

کە تەماشای کتێبەکەشمان کرد لەچەند ڕووێکەوە کەموکورتی زۆری تێدابوو، بۆیە ئێمەش بڕیارماندا پێداچوونەوە بە کتێبەکەدا بکەین، لەڕووی: (هەڵەچنی، خاڵبەندی، ڕێنووس)، وە گۆڕینی (فۆنت و قەبارە و ڕەنگ)ـی ئایەتەکان و دووبارە دیزاینکردنەوەی کتێبەکە.

بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

# بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

## پێشەکی:

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە شایستەی هەموو سوپاس و ستایشێکە، سوپاس و ستایشێك کە لەدەرهەقی ئەو زاتە پیرۆزەدا هەرگیز تەواو نابێت، چونکە نیعمەتەکانیشی لەژمارە نایەن، وە هەموو فەزڵ و گەورەییەك شایەنی ئەوە.

شاهیدیش دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە (اللَّه)، وە هیچ کەسێك هاوشان و هاوشێوەی ئەو نییە، وە هیچ هاوەڵ و شەریکێکی نییە.

وە شاهیدیش دەدەم کە محمد بەندە و پێغەمبەر و نێرراوی خودایە، درود و صەڵات و سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت.

ئەمجا بەرێزان: ئەوەی لەبەردەستانایە بریتیە لە (بیروباوەڕێکی پوختەکراو) کە بۆ خەڵکی شامم نوسیوە کە بوون بەمیراتگری زەویی وڵاتی باوباپیرانیان پاش ئەوەی گاورەکان داگیریانکرد، پاش ئەوانیش کۆمەڵێك لە (باطني)ـیەکان نزیکەی سەدەیەك زەویی شامیان داگیرکرد، هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی فیتنە و خراپەکاری بڵاوبێتەوە و زۆرێکیش لە بنەما و فەرعەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بگۆڕرێت و دەستکاری بکرێن.

کۆمەڵێك لەخەڵکی شام و غەیری خەڵکی شامیش پرسیاریان لێکردم، کە وەڵامی ئەو پرسیارەیان بدەمەوە، ئایا بەندەکانی خودا لەرۆژی لێپرسینەوە (لەڕۆژی دوایی)ـدا پرسیاری چییان لێدەکرێت؟ سەبارەت بەمافەکانی خودا بەسەر بەندەکانیەوە، ئەو مافانەی کە پەروەرگار وەصیەتی پێ کردن بە نوح و پێغەمبەرانی دوای ئەو (سەلامی خوایان لێ بێت)، ئەو مافانەی کە کۆتایی هێنا بە پەیامی ئیسلام کە دابەزیوە بۆ سەر محمد المصطفى (ﷺ).

وەك خوای گـەورە فەرموویەتی: ﴿شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾[1] واتە: هەر ئەو دین و ئایینەی بە (نووح و ئیبراهیم و مووسـا و عیسـا) یی (ئولولعەزم) و لێبڕاو و نەبەزاومان سپارد، کردمانە دین و ئایین بۆ ئێوەش (ئەی ئوممەتی ئیسلام!) واتە: (پێغەمبەران هەموو یەك ئـامـانج و یـەك مـەبـەسـتیـان بووە، یـەك دین و یـەك بیروباوەڕیان بووە، ئەگەرچی هێندێ جیاوازییان هەبووبێ لەشـەریعەت و بەرنامەیاندا) کە پەرتەوازە و کۆمەڵ کۆمەڵ مەبن تێیدا، واتە: دەبێ هەموو بەڕێك و پێکی ڕێبازی ئەو ئایینە ڕاگرن و دەست لە یەکتاپەرستی قایەمکەن و دەستی لێبەرنەدەن، و کێشە و ناکۆکی و جیاوازیتان تێیدانەبێت.

بەڵێ لەگەڵ زۆری شـەهوات و تەماحکاریەکاندا، ئارەزوو و هەوای دەرونیش زۆرتر دەبن، لەگەڵ زۆربوونی ئارەزوو و هەوای دەروونیشـدا بیروڕا و بۆچونەکانیش زیاتر و جۆراوجۆرتر دەبن، لـەگەڵ زۆربوونی بیروڕا و بۆچونەکانیش دەسـتە و تاقم و گرۆکانیش بێگومان زیاتر دەبن، هەرکاتێکیش زمانی عەرەبی لای خەڵك و خاوەنەکەی و کەسـانی تریش لاواز بوو، ئەوا لێکدانەوە و گومانەکانیش ئاسـانتر دەبن، لەگەڵیشیدا لێکدانەوەی بێ مانا بۆ ئایەتەکانی قورئـان و فـەرموودەکـانی پێغەمبەر (ﷺ) ئاسـانتر دەبێت، لەکاتێکدا ئەمەی کە ووتمان بۆ دەسـتە و تاقمە گومڕاکانی سـەدەی یەکەم ئاسـان بوویێت، ئەوا بێگومان زۆر ئاسـانترە بۆ ئەوانەی دوای خۆیان، بۆیە هەرکاتێك شەهوەت و گومانەکان بوونیان هەبوو، ئەوا گومانەکان هەر شـەهوەتەکانن، پاشـان لەهەمان کاتدا هەر گومانیشن، لەدواییشدا خۆی بۆ خۆی دەبێتە مـەزهـەب و ڕێچکـەیـەك و خـەڵـك شـوێنی کۆتـاییـەکـەی دەکەون بەبێ ئەوەی ئاگاداری سـەرەتاکەی بن کە چۆن دروسـت بووە، خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿أَفَكُلَّمَا

---

(١) سورەتی الشورى: ١٣

جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَىٰ أَنفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ﴾[١] واته: کەی ئەمە ڕاست و ڕەوایە کە هەتا ئێستاش هەر کات پەیامبەرێکتان بۆ هاتبێت - کە پەیامەکەی لەگەڵ هەوا و ئارەزووی ئێوەدا نەگونجابێت - ناڕەزاییتان دەربڕیوە و تەکەببورتان بەسەریاندا کردووە و باوەڕتان نەهێناوە؟ ئەوساش بوونەتە دوو دەستەوە: دەستەیەکتان باوەڕتان پێنەکردن و بەدرۆتان خستنەوە، وەکو (عیسی و موحەممەد) - سەلامی خوایان لەسەر بێت - دەستەیەکی تریشیانتان کوشتن، وەکو (زەکەریا و یەحیی)، سەلامی خوایان لێ بێت.

سەرنج بدەن لەسەرەتاوە ئارەزوو و هەوای دەروون بوو، پاشان بوو بەخۆبەزلزانین و دەعیە و تەکەبور، ئەمجا بوو بەمایەی بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرەکان، و دواتریش دوژمنایەتیان کردن و هەندێکیشیان کوشتن، هەر بەو شێوەیە هەموو دەستە و تاقمێکی گومڕا بەدرێژایی مێژوو لەناو هەموو گەل و نەتەوەکاندا بەم شێوەیە بوون.

خوای گەورە هەق و هیدایەتی ناردە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی محمد المصطفی (ﷺ) جا هەرکەسێك دەیەوێت بەپاکژی وخاوێنی وەری بگرێت، ئەوا با لە بنەما سەرەکی و یەکەمەکەیەوە وەری بگرێت پێش ئەوەی لێکدانەوە و عەقڵی مرۆڤەکان لێڵی بکەن، بۆیە وەحی و سروش وەك ئاوی پاکژ وایە، و لێکدانەوەی عەقڵی مرۆڤەکانی وەك دەفەرێك وایە، سەرەتا خوای گەورە وەحی و سروشی ناردە خوارەوە و خستیە ناو دڵی پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ) پاشان پێغەمبەریش (ﷺ) خستیە ناو هاوەڵەکانەوە، ئەمجا هاوەڵەکانیش خستیانە ناو شوێنکەوتوەکانیانەوە، جا چەندێك ئەم زنجیرەیە زیادی کردبێت، گەیاندنی دینەکەی خوای گەورە وورده وورده کەمتری کردووە، و لێڵیّ و ناڕوونیش بەهۆی لێکدانەوەی هەڵەی خەڵکەوە زیاتری کردووە، جا بۆیە پاکژترین و خاوێنترین دەفر، دەفری یەکەم بووە، کە

---

(١) سورەتی البقرة: ٨٧

مەبەســـت لێی ئەو گەیاندن و دابەزینە بووە بۆ ســـەر پێغەمبەری خودا (ﷺ)، پاش ئەویش هاوەڵەکان.

ئیمامی موسـلیم لە صـەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، عن أبي موسـى الأشـعري (رضي الله عنه) قال: قال رسـول الله (ﷺ): (أَنَا أَمَنَة لِأَصْـحَابِي، فَإِذَا ذَهَبْتُ أَتَى أَصْـحَابِي مَا يُوعَدُونَ، وَأَصْــحَـابِي أَمَنَـة لِأُمَّتِي فَـإِذَا ذَهَبَ أَصْــحَابِي أَتَى أُمَّتِي مَا يُوعَدُونَ)[١] واتە: ئەبو موســـای ئەشـعەری (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: من ئەمینداری هاوەڵەکانمم، جا کاتێك من ڕۆیشــتم هاوەڵەکانم هاتن بەوەی بەڵێنیان پێدراوە، هاوەڵەکانیشم ئەمینداری ئومەتەکەمن، هەرکاتێك هاوهڵەکانیشـــم ڕۆشـــتن، ئەوا ئومەتەکەم ئەوەی بەڵێنیان پێدراوە دێن بەشوێن ئەواندا.

جا بۆیە ئاین ودین لە وەحیەوە نەبێت وەرناگیرێت واتە: تەنها لە قورئان و ســـوننەتەوە نەبێت وەرناگیرێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُـولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَـاتِـهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ﴾[٢] واتە: خوا هەر ئەو پەروەردگارەیە کە لەناو عەرەبە نەخوێندەوارەکاندا - وەك ئیبن عەباس ئەڵێ - پەیامبەرێکی پایەبەرزی لەخۆیان نـارد تـا ئـایـەتـەکـانی قورئـانـەکـەی ئەویان بەســـەرا دەخوێنێتەوە، هەرچەند ئەمیش خۆی نەخوێندەوارە و دڵ ودەروون و ڕەواڵەتیان پاك دەکاتەوە لە بیروباوەڕی بتپەرســتی و یاســـای لاروچەوتی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە، فێری قورئان و دانایی و شەریعەتیان دەکات.

لـەبـەر ئـەوە بـەهەر جۆرێك دین و ئاین وەرگرتن لە غەیری قورئان و ســـوننەتەوە جەهل و نەزانین و سەرگەردانییە.

چاکترین و باشـــترین تێگەیشـــتنێك لە وەحی و ســـروشـــی خوای گەورە تێگەیشـــتنی هاوەڵە

[١] رواه مسلم.

[٢] سورەتی الجمعة: ٢

بـەڕێزەکـانـە (خوایان لێ ڕازی بێت)، ئێمەش دەبێت هەر بەو شـــێوەیە لێی بگەین کە وەحی باسـی کردووە، بەڵام بەو مەرجەی هاوتا و هاوڕا بێت لە تێگەیشتنی هاوەڵە بەرێزەکان، لەگەڵ هاوڕایی و کۆدەنگی هەرسـێ سـەردەمەکەش کە پێغەمبەر (ﷺ) بە باشـترین سـەردەم ناوی هێناون لەفەرموودەکانیدا، بۆیە پشت بەخوای گەورە دەست پێ دەکەین و دەڵێین:

# بەشی یەکەم

**ئیسلام:** ئەو ئایینەیە کە خوای گەورە و میهرەبان تەنها بەو ڕازیە و غەیری ئەو لەبەندەکانی بەمرۆڤ و جنۆکەشەوە هیچ ئاینێکی تر وەرناگرێت و پێی ڕازی نییە، لەم بارەیەوە لەقورئاندا فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[1] واتە: هەرکەسێك بێجگە لەبەرنامە وشەریعەتی ئیسلام هەردینێك بۆخۆی هەڵبژێرێت و بیکات بە بەرنامەی خۆی هەرگیز لێی وەرناگیردرێت، لەدوارۆژیشدا لەڕیزی زیانمەندانە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی هەموو پێغەمبەرانە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾ [2] واتە: ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە، ئیلا وەحیمان بۆ کردووە بەوەی کەبێگومان هیچ خوایەك نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَىٰ نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِنْ بَعْدِهِ وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَارُونَ وَسُلَيْمَانَ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا * وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِنْ قَبْلُ وَرُسُلًا لَمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا * رُسُلًا مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾[3] واتە: ئێمە وەحیمان بۆ تۆ کرد، هەروەکو بۆ (نووح) و پێغەمبەرانی دوای ئەویشمان کرد، هەروەها بۆ (ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و نەوەکانی و عیسا و ئەیووب و یونس و هاڕوون و سولەیمان)یشمان کرد و بەرنامەی ئیش و کاریانمان

---

(١) سورەتی آل عمران: ٨٥

(٢) سورەتی الأنبياء: ٢٥

(٣) سورەتی النساء: ١٦٣ - ١٦٥

تێگەیاندن، (زەبوور)ـــــیشـمان بەخشـی بە (داود) (علیهم الصـلاة والسـلام) * بێگومان بـەسـەرهاتی هەندێك لە پێغەمبەرانمان بۆ گێڕاویتەوە، بەسـەرهاتی هەندێکی تریشـمان بۆ نـەگێڕاویتـەوە - ئەمانەیش ئەو پێغەمبەرانەن کە لەقورئاندا ناویان هاتووە: (ئادەم، ئیدریس، نووح، هوود، صـالح، ئیبراهیم، لووت، ئیسـماعیل، ئیسـحاق، یەعقووب، یووسـف، ئەیووب، شـوعەیب، مووسـا، هاروون، یونس، داوود، سـولەیمان، ئیلیاس، ئەلیەسەع، زەکەریا، یەحیا، عیسـا، زەلکیفل، پێغەمبەرمان موحەممەد سـەڵات و سـەلامی خوایان لێ بێت) - بەڕاسـتی خوای گەورە خۆی لەگەڵ موسادا گفتوگۆی یەکسەری و ڕاستەوخۆی ئەنجامداوە - بۆیە پێی دەگوترێ (کلیم اللـه) -* گشـتیـان پێغـەمبـەری مژدەدەر و ترسـێنـەر بوون، تا دوای ئەو پێغـەمبەرانە هیچ بەڵگە و بیانوێك بۆ ئەو خەڵکەیە نەمێنێ لەلای خوا، ئەگەر لار و لاسـار بوون، بێگومان هەمیشە و بەردەوام خوا باڵادەست و دانایە.

پاش ئەوەش کە خوای گەورە باسـی ئەم پێغەمبەرانە: نوح و ئیبراهیم، ئیسـحاق، یەعقوب، داود، سـولـەیمـان، ئەیوب، یوسـف، موسـی، هارون، زەکەریا، یەحیی، عیسـی، ئیلیاس، ئیسماعیل، ئەلیەسەع، یونس و لوط، بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکات، دەفەرموێت: ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ﴾[1] واتە: ئەوانە (ئەو پێغەمبەرانەی باسـکران) کەسـانێك بوون خوا ڕێنموونیی کردن، دەی پەیڕەوی ڕێگە و ڕێبازی ئەوان بکە ئەی موحەممەد (ﷺ).

ئایینی سـەرجەم پێغەمبەران لە ئوصـول و بنەماکانیاندا یەك ئاینن، هێندە نەبێت لەهەندێك لق و پۆپـدا جیـاوازیـان هـەبووە، ئـەو جیاوازیانەش زۆر نەبوون، لە لق و پۆپەکاندا جیاوازیان هەبووە نەك لە بنەما و ئوصـولەکاندا، بۆ نموونە خوای گەورە موسـی و عیسـای نارد بۆ ناو بەنو ئیسـرائیل، بۆیە دەبینین بەو ئینجیلەی کە دایبەزاند بۆ سـەر عیسـی پێغەمبەر (سـەلامی خوای لێ بێـت) هـەندێك لە ئەو ئەحکامانەی کە ناردبووی بۆ موسـی پێغەمبەر (سـەلامی

(١) سورەتی الأنعام: ٩٠

خوای لێ بێت) لە تەوراتدا سڕیەوە و نەیهێشتن، عیسی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) بە گەلەکەی فەرموو: ﴿وَمُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلِأُحِلَّ لَكُمْ بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُمْ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾[١] واتە: باوەڕم هەیە بەو تەوراتەی بەر لەخۆم بووە و دەیشیسەلمێنم، وە بەئەرکی خۆمی دەزانم هەندێ شت کە لەسەرتان یاساغ بووە لەتەوراتدا، ئێستا من - بەفەرمانی خوا - بۆتان حەلاڵ کەم، بەڵگەیەکی ترم بۆ ڕاستیی خۆم لەلایەن پەروەردگارتانەوە هێناوە بۆتان، دەسا ئێوەش هەر لەخوا بترسن و بڕوا بەو بەڵگانە بێنن، و فەرمانم بەجێ بێنن کاتێك بانگتان ئەکەم بۆ خواپەرستی.

موسی وعیسی (سەلامی خوایان لێ بێت) هەردوکیان بۆ یەك گەل خوای گەورە ڕەوانەی کردن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێك لق و پۆپی ئاینەکەیاندا جیاوازیان هەبووە، چ جای لەنێوان پێغەمبەرانی تردا، بێگومان ئەوانیش جیاوازیان هەبوو لە لق و پۆپەکانی ئاینەکانیاندا.

پاشان ئەبێت ئەوەش بزانین هەموو شەریعەتەکانی پێشووتر لەلایەن خەڵکیەوە دەستکاری کراون و گۆڕانکاریان بەسەردا هێناون، هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُمْ بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾[٢] واتە: بەڕاستی دەستەیەکیش لەوانە (واتە جووەکان) زمانیان بادەدەن و بەجۆرێك شت دەڵێن، گوایە (تەورات) دەخوێننەوە، بۆ ئەوەی (ئێوە چەواشە بکەن) و وا بنوێنن کە ئەو کتێبە دەور دەکەنەوە، لەحاڵێکدا ئەوەی دەیخوێننەوە لەو کتێبە نیە، (زۆر جار) دەڵێن: ئەوەی کە دەیخوێنین هەر ئەوەیە خوا ڕەوانەی کردووە، لە ڕاستیدا هەرگیز ئەوە لەلایەن خواوە نیە و بەدەم خواوە درۆ هەڵدەبەستن و دەشزانن کە درۆ و بوهتان دەکەن.

---

(١) سورەتی ال عمران: ٥٠

(٢) سورەتی آل عمران: ٨٧

هـەروەهـا فەرموویەتی: ﴿مِنَ الَّذِينَ هَادُوا يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِـعِهِ﴾[1] واتە: هەندێك لەجولەكەكان گوتار و فەرموودەی خوا لەجێی خۆی ئەگۆڕن و مەبەستەكانی هەڵ دەگێڕنەوە.

ئـەم جولەكانە بۆ ئەوەی خەڵكی گومڕا بكەن، هاتوون بەم كارەیان بە فڕوفێڵ و دەسـتكاری كردنی ئاینی خوا ناهێڵن خەڵكی عەوام لەڕاستی و هەق حاڵی ببێت بەو شێوەیەی كە خوای گەورە داوای كردووە، ڕێگاچارەش بۆ ڕاسـتكردنەوەی پەیامی پەروەردگار، تەنها ئەوەبوو كە خوای گـەورە پێغـەمبـەرێكی تر ڕەوانـە بكـات، ئـەوەبوو پـەروەردگـار جارێكی تر ئاینەكەی بەپێغەمبەری ئیسلام محمد المصطفى (ﷺ) نوێ كردەوە، جا بۆیە هیچ ئاین و دینێكی بەهەق و ڕاسـت نیە جگە لەئیسـلام، چونكە وەك وتمان سـەرجەم ئاینە پێشـینەكانی تر مرۆڤەكان دەسـتكـاریـان كردووە، بۆیە خوای گەورە ئەم بڕیارەی داوە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْـلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِـرِينَ﴾[2] واتە: هەركەسـێ بێجگە لـەبەرنامە و شـەریعەتی ئیسـلام هەر دینێك بۆخۆی هەڵبژێرێ و بیكات بەبەرنامەی خۆی هەرگیز لێیوەرناگیردرێت، لەدوارۆژیشدا لەڕیزی زیانمەندانە.

هەر لەبەر ئەمە بوو خوای گەورە ئاینی پیرۆزی ئیسـلامی كرد بە ئاینی سـەرجەم گەلانی سەر زەوی بـە ئینس و جین، وعەرەب و عەجەمەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَمَا أَرْسَـلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِـيرًا وَنَذِيرًا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾[3] واتە: ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد ئەی موحەممەد (ﷺ) كە بۆ تەواوی خەڵكانی جیهان، ببیتە موژدەدەر و ترسـێنەر، بەڵام زۆربەی مەردم ئەم (ڕاستیە) نازانن.

لەفەرموودە صـەحیحیشـدا هاتووە: عن أبي هريرة (رضـي الله عنه) عن النبي (ﷺ) أنه قال:

---

(1) سورەتی النساء: ٤٦

(2) سورەتی آل عمران: ٨٥

(3) سورەتی سبأ: ٢٨

(وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ يَهُودِيٌّ وَلَا نَصْرَانِيٌّ ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَّا كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ)[١] واته: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە، هەر کەسێك لەم ئومەتە چی گاور یان جولەکە بێت و گوێی لەو پەیامە بێت کە بۆ من هاتووە و باوەڕم پێ نەهێنێت، ئەوا لە ئەهلی دۆزەخ دەبێت.

ئەبێت ئەوەش بزانن کە خوای گەورە قورئانی پیرۆزی لە تەحریف و دەستکاری کردن و گۆڕان پاراستووە، وەك فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴾[٢]واتە: بەڕاستی ئێمە خۆمان ئەم قورئانەمان ناردۆتە خوارێ و هەر خۆیشمانین ئاگادار و پارێزەری و لەدوژمنان ئەیپارێزین و ناهێڵین زێد و کەمی تێدا بکەن. بۆیە ئەوە چەندین سەدە هات و چوو، لەگەڵ ئەو هەموو دژ و نەیارانەدا، کەسێك نەیتوانیوە تەنها پیتێکی بگۆڕێ، یان لێی لاببات.

(١) رواه مسلم: ١٥٣

(٢) سورەتی الحجر: ٩

# بەشی دووەم

هیچ کەسـێك ناتوانێك لێکدانەوە و تەفسـیر بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسـلام بکات، خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی نەبێت (ﷺ)، خوای گەورە بەقورئانی پیرۆزدا وپێغەمبەری خواش (صـلی الله علیه وسـلم ) بەسـوننەتەکەی، هیچ کەسێك لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرێز وخۆشەویستتر نیە لای خوا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەنها ئەوەی لەسەرە ئەوەی بۆی هاتووە بیگەیەنێت بەخەڵکی، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُـولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ﴾[1] واتە: ئەی پێغـەمبـەر (ﷺ) هـەر فـەرمان و بڕیارێك لەلایەن پەوەردگارتەوە بۆت هاتووە، بێ دوودڵی و ترس لەهیچ کەسێ ڕایگەیەنە بەخەڵکی.

پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ ئەوەی لەسـەری واجب بووە کە ئاینەکەی خوای گەورە بگەیەنێت بە خەڵکی، لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە کارێکی تری خستوەتە ئەستۆی، ئەویش ڕوونکردنەوە و بـەیـانکردنی ئـەو وەحیـەیـە کە لە لایەن خوای گەورەوە بۆی دابەزیوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾[2] واتە: ئەرکی سەرشانی پێغەمبەر (ﷺ) تەنها گەیاندنێکی ڕوون و ئاشکرایە، (پێتان ڕابگەیەنێت و بەجوانیش بۆتان ڕوون بکاتەوە).

چۆنیەتی ئەو ڕوونکردنەوە و بەیانکردنەیش خوای گەورە بەکاری خۆی دانـــــــاوە، وەك فـــەرمـــوویەتی: ﴿فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِـعْ قُرْآنَـهُ * ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَـا بَيَانَهُ﴾ [3] واتە: ئینجا کاتێ کە قورئـانمـان بۆ خوێنـدیتـەوە (بـە هۆی جبریلـەوە) تۆش شـوێن خوێندنەوەی ئەو بکەوە * لەپاشان دڵنیابە ڕوون کردنەوەشی لەسەر ئێمەیە.

---

(١) سورەتی المائدة: ٦٧

(٢) سورەتی نوور: ٥٤

(٣) القیامة: ١٨ - ١٩

سـونتەتیش هەر وەحی خوای گەورەیە بۆ پێغەمبەرەکەی، وەك فەرموویەتی: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ﴾ [١] واتە: پێغەمبەر (ﷺ) لەهەوا و هەوسـەوە قسـە ناکات کە قورئان دەخوێنێت * ئەوەی کە ڕای دەگەیەنێت تەنها نیگا و وەحی خواییە.

هەر لەبەر ئەوە دەبینین کاتێك پرسـیارێك لە پێغەمبەر (ﷺ) بکرایە ئەگەر پێشـتر وەڵامەکەی بزانیـایـە، ئەوە وەڵامی دەدایەوە، خۆ ئەگەر نا، لەخۆیەوە وەڵامی نەدەدایەوە، بەڵکو چاوەڕێی وەحیی دەکرد، تاوەکو خوای گەورە پێی ڕابگەیەنێت و بۆی ڕوون بکاتەوە.

نزیکترین کەسـانێکیش لەتێگەیشـتن و فەهمی پێغەمبەر (ﷺ) وە، هاوەڵە بەڕێزەکانی بووە (خوا لەهەموویان ڕازی بێت)، لەبەر ئەوە تێگەیشـتنیان لە قورئان بۆ ئوممەتی ئیسلام بەڵگە و دەلیلە، بۆیە هەرکەسـێك بڵێت: کەسـانێك یان کەسێك جگە لەخوای گەورە بۆی هەیە یاسا و ڕێسایەك لە دیندا دابنێت و حەڵاڵ و حەرام دیاری بکات بۆ خەڵکی، ئەوە بێگومان هاوبەشی خوای گـەورە دانـاوە لـە حوکمکردنـدا، ئـەمـەش بێگومان شـیرك و بێباوەڕیە و هیچ کەس لەزانایانی ئیسلامی ڕای جیاوازیان نییە لەم بارەیەوە.

خوای گـەورەش کاتێك کـە کـەلامی هـەق تـەعـالای خـۆی دابـەزانـدووە، بێگومان مەبەستێکی هەبووە، ئـەو مەبەستەش بە ئیرادە و ویستی خۆی بووە، جا ویست و مەبەستی خوای گەورەش نابێت کەس ڕوونی بکاتەوە، ئەو کەسە نـەبێت کە خۆی مۆڵەتی داوە، بێگومان ئەو کـەسەش پێغـەمبـەری خـودایـە (ﷺ).

جا لەبەر ئەوە ئەو کەسـەی کە لەقورئاندا ڕادەمێنێت و بیری لێ دەکاتەوە، بەدوو مەرج بۆی هەیە لەقورئان تێ بگات و حوکمی لێوە هەڵێنجێت:

**یەکەم:** نابێت لەچوارچێوەی زمانی عەرەبی دەرچێت، لەڕووی مانا و مەبەسـت و پێکهاتە و

---

([١]) النجم: ٣-٤

گەیاندن و هتد...

**دووەم:** نابێت پێچەوانە و دژ بێت بەمانا و مەبەستێك کە لەقورئاندا بە ڕوونی جێگیر بووە.

بێگومـان هـەموو ئەوەی دەدرێتە پاڵ خوای گەورە مەرج نییە هی ئەو بێت، ئەهلی کتاب بەوە گومڕابوون، کـە زۆریـان لـەخۆیـان دەکرد بۆ لێکـدانـەوەی مانا و مەبەســتەکانی تەورات و ئینجیـل، پشــتیـان لـە مانا و مەبەســتە ڕوون و ئاشــکراکان دەکرد بۆ ئەوەی دژایەتی ئەو حوکمانەی پێ بکەن کە زانا و داناکان نەبێت لێی تی ناگەن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُمْ بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِنْـدِ اللهِ وَمَـا هُوَ مِنْ عِنْـدِ اللهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللهِ الْكَـذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾[١] واتـە: بەڕاسـتی هەر لەخاوەن نامەکاندا هەیە - وەك کەعبی کوڕی ئەشـرەف - لەکاتی خوێندنەوەی تەوراتدا جۆرێك زمانیان بەیەکدا دەدەن بەمەبەســتی ونکردن و شــاردنەوەی ســیفەتەکانی پـەیـامبـەر (ﷺ) بۆئـەوەی ئێوە وابزانن گوایـا ئـەوەی ئـەوان دەیخوێنن تـەوراتـە، کـەچی لەتەوراتیشــدا نییە، بەڵکو تەنها پێچراوە و دروســتکراوێکی خۆیانە، دەشــڵێن: ئەوەی کە دەیخوێنن خوا گوتوویەتی و ناردوویەتی، دڵنیاش بن لەلایەن خواوەوە نییە، بەڵکو درۆ بەدەم خوا ئەکەن، خۆیشیان ئەزانن کە درۆئەکەن.

کە خوای گـەورە فـەرموویـەتی: ﴿يَلْوُونَ أَلْسِــنَتَهُمْ بِـالْكِتَابِ﴾ زمانیان خوار دەکەنەوە بۆ ئـەوەی کـەســی گوێگر بـەهـەڵـە تێبگـات و وای لـەخـەڵـك تێبگـەیـەنن کە ئەوەی بەهەڵە دەیخوێننـەوە و زمـانیان خوار دەکەنەوە وتە و کەلامی خوایە، لەکاتێکدا ئەوەی دەیخوێننەوە زۆر دوورە لەمەبەســتی خوای گەورەوە، دوای ئەوە فەرموویەتی: ﴿لِتَحْسَــبُوهُ﴾ بۆ ئەوەی خـەڵکی واتێبگـات کـە ئـەوەی ئـەوان دەیخوێننـەوە لـەو پـەڕاوەیـە کـە خوای گـەورە بۆی

---

(١) سورەتی ال عمران: ٨٧

ڕەوانەکردوون.

# بەشی سێهەم

## مافی خوای گەورە (حق الله):

پەرستنی خوای گەورە بەتاك و تەنهایی، وە ئەنجامدانی هەموو عیبادەت و پەرستشێك تەنها بۆ ذاتی هەق تەعالای ئەو، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ﴾[1] واتە: خوا و پەرستراوی ڕاستەقینەی ئێوە، هەر خوایەكی تاك و تەنیایە، واتە: هەرئەویش بۆی هەیە یاسای ژیان و بوونەوەر دەست نیشان بكا و حەڵاڵ و حەرامیش دابنێت، جگە خۆی هیچ پەرستراوێكی تر شیاو و ڕاست نیە، هەر بۆخۆشی زۆر بەبەزەیی و بەخشندە و دلۆڤانە.

وە نابێت بەهیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ دابنێیت لەو كارانەی پەیوەندیان بە كارەكانی دڵ و زومان و باقی تری ئەندامەكانی تری لەشەوە هەیە، چونكە فەرموویەتی: ﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا﴾[2] واتە: ئەی خەڵكینە! تەنها خوا بپەرستن و هیچ شتێك مەكەنە هاوبەشی (نەمرۆڤ، نەدار، نە بەرد).

دەبێت ئەوەش بزانین كە شیرك و هاوەڵپەیداكردنی گەورە بەهیچ شێوەیەك ئاسەواری هیچ خێر و حەسەناتێك ناهێڵێت و دەیانسڕێتەوە، وەك پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[3] واتە: سوێند بەخوا بادڵنیابن كە وەحی و نیگا نێردراوە بۆ تۆ و بۆ ئەوانەی پێش تۆش، ئەگەر

---

(١) سورەتی البقرة: ١٦٣

(٢) سورەتی النساء: ٣٦

(٣) سورەتی الزمر: ٦٥

هاوەڵگەر بیت و شـــەریك بۆ خوا بڕیار بدەیت کاروکردەوە چاکەکانیشـــت پووچە و دەچیتە ڕیزی خەسارەتمەند و زەرەرمەندانەوە.

خوای گەورە بەم شـــێوەیە لەگەڵ پێغەمبەری خوا دەئاخفێت، ئەی حاڵی کەســـانی جگە لەو چۆن بێت ئەگەر بێتوو شەریك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدەن.

خوای گەورە بەهیچ شـێوەیەك لەو کەسە خۆش نابێت کە هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار دەدات، ئـەگەر بێتوو تەوبە نەکات و نەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، وەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْـرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَـاءُ﴾[١] واتە: بەڕاستی خوای گەورە خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت، بێجگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر بیەوێت خۆش دەبێت.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ مَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ﴾[٢] واتە: بێگومان ئەو کەســـانەی بێ بڕوابوون و بەرهەڵســـتی خەڵکیشـــیان دەکرد لـەڕێبازی خوا، پاشـــان هەر بەکافری و بێ دینیش مردن، هەرگیز خوا ئەوانە نابەخشـــێت، چونکە لەسەر کوفر و بێ بڕوایی مردوون.

هـەرکـەســـێـك بـە بێبـاوەڕی بمرێت، ئەوە بێگومان لەئاگری دۆزەخدایە، وەك خوای گەورە فـەرموویـەتی: ﴿وَمَنْ يَرْتَـدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِـهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَٰئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۖ وَأُولَٰئِكَ أَصْـحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[٣] واتە: جا هەرکەسێکتان لەئاینی خۆی پـاشـــگـەز بێتەوە و بەکافریش بمرێت، ئەوانە کە بەکافری دەمرن کار و کردەوەیان لە هەردوو دونیا بەفیڕۆ دەڕوا، لەم دنیایەدا لە خێروبێری ئیســـلام بێ بەش ئەبن و مامەڵەی بێ

---

(١) سورەتی النساء: ٤٨

(٢) سورەتی محمد: ٣٤

(٣) سورەتی البقرة: ٢١٧

بڕواییان لەگەڵ دەکریٚ، لەولایش هیچ پاداشــتیٚکی خیٚریان نابیٚت، دەشــبنە هاوەڵ و هاوڕیٚی دۆزەخ و بەهەتاهەتایش لەویٚ ئەمیٚننەوە.

هـەروەهـا فـەرموویـەتی: ﴿إِنَّ الَّـذِينَ كَفَرُوا وَمَـاتُوا وَهُمْ كُفَّـارٌ أُولَٰئِـكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَـةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾[1] واتـە: بەڕاســتی ئەوانەی کە بیٚ باوەڕ بوون و بەبیٚ باوەڕی مردوون، ئا ئەوانە لەعنەت و نەفرینی خوا و فریشــتەکان و هەموو خەڵکیان بەگشتی بەسەردا دادەباریٚت.

هەندیٚك جار پیٚدەچیٚت کەسـیٚکی بیٚباوەڕ تاکیٚکی سوودمەند و قازانجبەخش بیٚت بۆ خەڵکی، ئەمەش ئەو جۆرە ڕامهیٚنانەیە کە خوای گەورە تەواوی شـتە سودمەندەکاتی تری ڕامهیٚناوە و خسـتونیەتیە خزمەت خەڵکیەوە، وەك ڕامهیٚنانی خۆر و مانگ و هەور و باران و ئاو و هەواو کە هەموو ئەمانە سـوودمەندترن بۆ خەڵکی لەکەسـی بیٚباوەڕ، چونکە بیٚباوەڕی بەوە دەوتریٚت کە بیٚباوەڕبیٚت بەخوای گەورە، نەك بیٚباوەڕ بیٚت بە سروشت، بەهەمان شیٚوە سزایش دەکەویٚتە سەر ئینکاری کردنی مافی خوای گەورە، نەك ئینکاری کردنی مافی سروشت.

---

(١) سورەتی البقرة: ١٦١

# بەشی چوارەم

**باوەڕ و بێباوەڕی (الإيمان والكفر):** ئەم دوو دەستەواژە و حوكمە، دوو شتن كە تەنها خوای گەورە دیاندەبەزێنێت و مافی ئەوەی هەیە ئەو بڕیارە بدات، هیچ كەسێك بێباوەڕ ناكرێت و بەبێ باوەڕ دانانرێت، بە بەڵگە و بەیینە نەبێت، خەڵكیش لەسەر زەویدا بوون بە دوو بەشەوە و سێهەمیان نییە، یان باوەڕدارە، یاخود بێباوەڕ، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنْكُمْ كَافِرٌ وَمِنْكُمْ مُؤْمِنٌ﴾[1] واتە: ئەو ذاتە ئەوەیە ئێوەی دروست كردووە، جا هەتانە بێ باوەڕە و هەیشتانە باوەڕدار.

ئەو حوكمانەشی كە تایبەتن بە باوەڕدار و بێباوەڕەوە، ئەو حوكمانەن كە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆز و پێغەمبەر (ﷺ) لەسوونەتی خۆیدا باسیان كردوون و ڕوونیان كردونەتەوە.

## دووڕووەكانیش ئەوانەن:

- یان بێباوەڕن، بەڵام بێباوەڕیەكەی خۆیان شاردوەتەوە و خۆیان وا پیشان دەدەن كە باوەڕدارن، وەك ئەو كەسەی كە وانیشان دەدات باوەڕی بەخوای گەورە و پەڕاوەكانی و پێغەمبەرەكانی هەیە، بەڵام لەناو دڵیدا بەدرۆیان دەزانێت و باوەڕی پێیان نییە، ئەمەش خوای گەورە پەنامان بدات، دوو ڕووی گەورەی پێ دەوترێت.

- یان ئەوەتانێ ئەم كەسانە موسڵمانن، بەڵام تاوان و گوناهەكانیان دەشارنەوە و گوێرایەڵی خۆیان بۆ خوای گەورە نیشان بەخەڵكی دەدەن، وەك ئەو كەسەی كە وا نیشان دەدات كە زۆر بەوەفا و خاوەن بەڵێنە، بەڵام لەژێرەوە كەسێكی خیانەت و غەدركەرە، یان وا

---

(١) سورەتی التغابن: ٢

نیشان دەدات کەسێکی ڕاستگۆ بێت لەووتار و گوفتاریدا، بەڵام لەژێرەوە شتێکی تر بێت، ئەم جۆرە کەسانە دووڕووی بچوکیان پێ دەوترێت لەئیسلامدا، جا بۆیە کەسی دووڕوو (مونافق) لە ڕواڵەتدا وەك کەسێکی موسڵمان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت.

**بنەما و ئەصــڵ لەماڵ و خوێنی موســڵماندا:** ئەوەیە کە حەرامە و نابێت توخنی بکەویت، بە پێچەوانەشــەوە بنەما و ئەصـڵ لەماڵ و خوێنی کەسی بێباوەڕیدا ئەوەیە حەڵاڵە، ئەمەش بە شـێوەیەکی ڕەها و (مطلق) نا، چونکە جاری وا هەیە کەسی بێباوەڕ بەهۆی پەیمان و بـەڵێنێکـەوە، یان کەســێکی موســڵمان پەنای داوە، یان بەهۆی ئەوەی لە ئەهلی ذمەیە و ســەرانە و جزیە دەدات بە دەوڵەتی ئیســلامی، ماڵ و خوێنیان حەڵاڵ نابێت، هەروەك چۆن جـاری وا هەیە موســڵمانێك بەهۆی تاوانێکەوە دەکرێت بکوژرێت، وەك ئەوەی کەســێکی بێتاوانی کوشـت دەبێت بکوژرێتەوە، یان پیاو و ژنێك کە شوویان کردبێت و ژنیان هێنا بێت و زینـا بکـەن، دەبێـت بکوژرێـت، ئـەمـەش لەپێناوی ئەوەی کۆمەڵگە پارێزراو بێت لەتاوان و داوێنپیسی.

**هیچ کەســێکیش بە بێباوەڕ و کافر دانانرێت، جگە لەو کەســە نەبێت کە خوای گەورە یان پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەبێباوەڕ و کافریان داناوە.**

- وەك ئەو کەسەی کەباوەڕی بەخوای گەورە نەبێت، یان خوای گەورە بەدرۆ بزانێت، یان پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

یـان گـاڵتـە و قـەشــمـەری بـەخوا یـان بـە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات: وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ * لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ إِنْ نَعْفُ عَنْ طَائِفَةٍ مِنْكُمْ نُعَذِّبْ طَائِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ﴾[1] واتە: ئەی موحەمەد پێیان بڵێ ئایا گاڵتەتان بەخواو ئایەتەکانی و بەپێغەمبەرەکەی کردبوو؟ (هەر وتەیکی کوفر و ناشیرین

---

(١) سورەتی التوبة :٦٥ - ٦٦

و ناقۆڵا لەدەم دەرچێت و گاڵتە و قەشـــمەری بێت بەخوا و پێغەمبەر بێگومانە مرۆڤی پێ کافر دەبێـت) * بڵێ: برووبیـانووی بێجێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوەی باوەڕتان هێنا، کافربوونەوە، ئەگەر لەبڕێکتان خۆش ببین لەبەر ئەوە کەپەشـیمان بوونەوە لەگوتەکەتان، ئەوا سـزای بڕێکیان دەدەین بەهۆی ئەوەی تاوانکاربوون، واتە: بەردەوام بوون لەسەر کوفر و نیفاق.

- یان ســەرکەشـــی و ملەجەڕی بکات و گوێرایەڵی خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) نەکات.

- یان ئینکاری ئەو حوکمانە بکات کە لەئیســـلامدا کە بە حوکمە (قطعي) و بڕاوەکان ناســـراون، وەك کەســـێك باوەڕی بە نوێژ یان زەکات یان بەڕۆژوو نەبێت کە خوای گەورە واجبی کردوون لەسەر مرۆڤەکان.

یـان درۆ بـەدەم خوای گـەورە بکـات، وەك خوای گـەورە لـەبـارەی ئـەم جۆرە کەســـانەوە فـەرمـوویـەتی: ﴿إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ﴾[١] واتە: بێگومان هەر ئەوانە درۆ هەڵدەبەستن کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوا نیە، هەر ئەوانیش درۆزنن و درۆیان کردۆتە پیشە.

هـەروەهـا فـەرمـوویـەتی: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُ ۚ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَافِرِينَ﴾[٢] واتە: کێ لەوە ســـتەمکارترە کە درۆ هەڵدەبەســـێت و هـاوەڵ بۆ خوا بڕیـار دەدات، یان ئەو حەق و ڕاســـتیەی کە بۆی هاتووە بە درۆی دەزانێت، مەگەر هەر دۆزەخ شـایسـتە بێت، ئایا لە دۆزەخدا جێگە و ڕێگەیەکی هەمیشەیی بۆ بێباوەڕان دابین نەکراوە؟ (بێگومان ئامادە کراوە).

---

(١) سورەتی النحل: ١٠٥

(٢) سورەتی العنکبوت: ٦٨

زانایانی تەفسیر لەم ئایەتەدا وشەی ( ظلم )یان بە بێباوەڕی تەفسیر کردووە.

یان پەرستن وعیبادەت بۆ غەیری خودا بکات، وەك خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾[1] واتە: ئەوەی لەگەڵ خوادا هانا بۆ خوایەکی تر دەبات و دەیپەرستێت، بەڵگەیەکیش نیە لەسەر شیاوی بۆ پەرستنایەتی، ئەوە هەر پرسینەوەی کار و کردەوەکانی لای پەروەردگاریەتی، وە نایگەیەنێت بە بەختیاری، چونکە کافر و بێباوەڕ، دەی خۆ بێباوەرەکان هەرگیز بەختیار و ڕزگار نابن.

جا یەکسانە و هیچ جیاوازی نییە ئەگەر هاتوو ئەو کەسە بەپوختی جگە لەخوای گەورە بپەرستێت، یان ئەوەی دەیپەرستێت بیکاتە ناوەندگیر و (واسطة) لەنێوان خۆی و پەروەردگاردا، هەمووی کوفر و بێباوەڕیە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾[2] واتە: وەلە باتی خوای گەورە چەند شتێکی وا دەپەرستن کە نەدەتوانن زیانێکیان پێ بگەیەنن، و نەسوودێکیان پێ ببەخشن، دەشڵێن: ئەوانەی - دەیانپەرستین - لای خوا تکاکارمان دەبن، واتە: بۆ ئەو مەبەستە ئێمە ئەیانپەرستین، ئەی موحەمەد بڵێ: باشە ئایا ئێوە خوا ئاگادار دەکەنەوە بەشتێك کە لەئاسمانەکان و لەزەویدا هەبێت و خوا نەیزانێت؟ پاك و بێگەردە و بەرز و بڵندە و دوورە لەوەی کە نەفامان دەیکەن بەهاوەڵی.

- یان ئەوەتانێ ئەوەی کە مافی خوای گەورەیە، بدرێت بە کەسێکی تر جگە لەئەو، وەك ئەوەی مافی حوکم و تەشریع و یاسادانان بدرێت بەکەسێکی تر جگە لەخوا، چونکە مافی حوکم و تەشریع و یاسادانان تەنها بۆ خوای گەورەیە، و پەروەردگار بەعیبادەت و

---

(١) سورەتی المؤمون: ١١٧

(٢) سورەتی : یونس: ١٨

پەرستشی ناوەزەد کردووە، وەك لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ﴾[1] واتە: گشـــت حوكم و بڕیارێك تەنها و تەنها هی خوایە، دەبێ تەنها ئەو حاكم و بڕیار بەدەست بێت، فــــــەرمانیداوە كە ئێوە دەبێت تەنهـــا ئەو بپەرستن و گوێرایەڵیی هەر لەو بكەن.

- یـان بـاوەڕی وابێت كە جگە لەخوای گەورە كەســانێك غەیب دەزانن و ئاگاداری شـــتـە نـادیـارەكـانن، وەك جادووكردن و ئەســتێرەگرتنەوە، لەم بارەیەشـــەوە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ﴾[2] واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) پێیان بڵێ: هیچ كەسێك لەوانەی كە لەئاسـمانەكان و زەوییدان بێجگە لە خوا ئاگایان لەغەیب نیە.

كـەواتـە غـەیـب زانین مـافێكی تـایبـەتی خوای گـەورەیە، تەنانەت پێغەمبەرانیش ئاگاداری شـــتێكی لەو شـــێوەیە نەبوون، ئەگەر خوای گەورە بە وەحی ئاگاداری نەكردبنەوە، وەك لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿قُلْ لَا أَمْلِكُ لِنَفْسِـــي نَفْعًا وَلَا ضَـرًّا إِلَّا مَا شَــاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْـتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّـنِيَ السُّـوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾[3] واتە ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: من خاوەنی هیچ شـتێك - چ سـوود چ زیان- بۆ خۆشم نیم، مەگەر ئەوەندە خوا ویســـتی لەســـەر بێت، ئیتر من لە كوێ هاتنی ڕۆژی قیامەت ئەزانم، خۆ ئەگەر غـەیـب و شـــاراوەكانم بزانیایە - بێ وەحی - ئەوە چاكەی زۆرم كۆدەكردەوە بۆخۆم و هیچ ناخۆشـــیەكیشـــم تووش نەدەبوو، من هیچ شـــتێك نیم تەنها ترسـێنەرێك (بۆ یاخیەكان) و مژدەدەریشم بۆ كەسانێك كە باوەڕ دەهێنن.

- یان ئەگەر گومانی ئەوە بكات شـتێكی دروستكردووە لە دروستكراوەكانی خوا، یان

---

(١) سورەتی : يوسف: ٤٠

(٢) سورەتی النمل: ٦٥

(٣) سورەتی الاعراف: ١٨٨

وا گومان بەرێت کە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە و تەصەڕوف دەکات لە گەردوون و ژیان و مردنی کەسەکان، لەم بارەیەشەوە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَمْ جَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ خَلَقُوا كَخَلْقِهِ فَتَشَابَهَ الْخَلْقُ عَلَيْهِمْ قُلِ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾[1] واتە: ئەوانە چەند هاوبەشێکیان بۆ خوا داناوە، کە وەکو دروستکراوی ئەو (خوا) یەیان دروست کردبێت، ئەوجا ئەو دروستکردنە لەوانی شێواندبێ و چەواشە بووبن و ئیتر دوای ئەوە پەرستبنیان؟ بڵێ: ئەی موحەممەد (ﷺ) تەنها هەر (الله) خوایە دروستکەری هەموو شتێك، نەك ئەو بتانەی ئەوان دەیانپەرستن، وە ئەویش تاك و تەنیای دەسەڵاتدارە، بەسەر هەموو شتێکدا.

- یان کەسانێك لەبێباوەڕان بکاتە خۆشەویست و پشتیوان و پاڵپشتی خۆی، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ﴾[2] واتە: هەرکەسێکیشتان دۆستایەتییان لەگەڵ بکات، بیانکات بەیارمەتیدەر و دۆستی خۆی، بێ شك ئەو کەسە هەر لەوانە و بەوان دادەنرێت.

جا هەرکەسێك بتوانێت لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئەحکامەکانی تێبگات، بەڵام بەئارەزووی خۆی پشتی لێ هەڵبکات و نەیەوێت لەئیسلام و ئەحکامەکانی تێ بگات، ئەوە بێگومان بێباوەڕە، ئەگەر چی لە هەقیقەتیشدا جاهل و نەزان بێت، چونکە جەهل و نەزانینی ئەو کەسە بەشێوەیەکە دەتوانێت نەیهێڵێت و شارەزابێت، بەڵام پشت هەڵدەکات و نایەوێت تێبگات، وەك خوای گەورە لەبارەی ئەم جۆرە کەسانەوە فەرموویەتی: ﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ فَهُم مُّعْرِضُونَ﴾[3] واتە: زۆربەی خەڵکی حەق وحەقیقەت ناناسن ودژایەتی دەکەن وڕووی لێ وەردەچەرخێنن.

---

([1]) سوەتی الرعد: ١٦

([2]) سورەتی المائدة: ٥١

([3]) سورەتی الانبیاء: ٢٤

لـەم ئـایـەتـەدا خوای گەورە باســـی ئەوەی کردووە ئەو بێباوەڕانە نەزان و جاهیلن، بەڵام بە ئیختیار و ویستی خۆیان، چونکە نایانەوێت تێبگەن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا عَمَّا أُنْذِرُوا مُعْرِضُــونَ﴾[1] واتە: بێباوەڕان پشـــت هەڵدەکەن لەو ئاگاداری و بێدارکردنەوەیە (کە پێغەمبەران پێیان ڕاگەیاندوون).

نەشارەزایی و بێئاگایی لە ورد و درشتی هەق و ڕاستی، بەهۆی پشتهەڵکردنی ئەو کەسە خۆی لەبیســتنی هەق و ڕاســتی، بەهیچ شـێوەیەك لەئیسلامدا بەعوزر و بیانویەکی بەجێ دانانرێت، هەر ئەمەش بووە بەمایەی گومڕایی و ســەرلێشــێواوی ئوممەتەکان بەدرێژایی مێژوو، چونکە هەقیان دەبیست و گوێیان لێی دەبوو، بەڵام پشتیان لێ هەڵدەکرد و نەیاندەویست لێی تێبگەن.

جـا بۆیـە دەبینین زۆربـەی بێباوەڕان بەدرێژایی مێژوو گرنگیان نەداوە بەو بەڵگە و ئایەتانەی کە لەگەردوون بەدی دەکرێن، یاخود خوای گەورە لەشەرعدا بۆی باسکـــــردوون، خـــــوای گــــــەورە لەم بـــارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُــونَ﴾[2] واتە: چەندەها بەڵگە و نیشانە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن (لەسەر دەســەڵاتـداریێتی و جوانکـاری خوای پـەروەردگـار لەگەردووندا) کەچی زۆربەی خەڵکی بەلایدا تێدەپەڕن و تێنافکرن و پشتی تێدەکەن.

هـەروەهـا فـەرموویـەتی: ﴿بَلْ أَتَيْنَاهُمْ بِذِكْرِهِمْ فَهُمْ عَنْ ذِكْرِهِمْ مُعْرِضُــونَ﴾[3] واتە: ئێمە قورئـانێکمـان پێـدان کـە بـەهـەق ئامۆژگارییان دەکات، کەچی ئەوان لەوە ڕوو وەردەگێڕن و پشتی لێهەڵدەکەن.

---

(١) سورەتی الاحقاف: ٣

(٢) سورەتی یوسف: ١٠٥

(٣) سورەتی : المؤمنون: ٧١

پشتهەڵکردن و ڕووو وەرگێڕان لەگەڵ شارەزایی و بەئاگابوون، نابێتە هۆی سقوتکردنی مافەکانی خەڵکی لەنێوانی خۆیاندا، ئیتر چۆن دەبێتە هۆی سقوتکردنی مافەکانی خوای گەورە؟!

ئەگەر مرۆڤ بەو ژیریەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە لەنیشانە و بەڵگەکانی گەردوون وورد نەبێتەوە و تێنەفکرێ لێیان، ئەوە بێگومان ئەو مەبەست و مانا و مەقصەدانەی کە ئەو بەڵگە و نیشانانەی لەپێناودا دروستکراوە، لای ئەو کەسە وون دەبێت، بەو ئەندازەیەی کە پەلەی کردووە لەتێڕامان لەو نیشانە و بەڵگانەدا، هیچ سودێکی نابێت بۆی هەرچەند ئەو بەلگە و نیشانانەش زۆر بەهێزبن، چونکە تیگەیشتن لەبەڵگە و نیشانەکانی خوا تێرامان و بیرکردنەوەیان دەوێت، کەسێکیش بیرنەکاتەوە و تێڕانەمێنێت بێگومان هیچ شتێك سوودی بۆی نابێت، هەرچەند هەموو ڕۆژێك بێت بەبەردەمیدا و بەسەریدا تێپەڕ بکات، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلْنَا السَّمَاءَ سَقْفًا مَحْفُوظًا وَهُمْ عَنْ آيَاتِهَا مُعْرِضُونَ﴾[١] واتە: ئێمە ئاسمانمان کردووە بەسەقفێکی پارێزراو، کەچی ئەوانە ڕوو وەردەگێڕن لەهەموو نیشانە و بەڵگەکانی ئاسمان.

مرۆڤ هەندێك جار بەگومانی خۆی دەکەوێتە هەڵەوە، واگومان دەبات ئەگەر هاتوو پشتی هەڵکرد لەتێگەیشتن لەووردەکاریەکانی هەق و ڕاستی، ئیتر چاوپۆشی لێدەکرێت لەو هەڵە و تاوانانەی کە بەدوایدا دێت، نەخێر وانییە، مرۆڤ لەلایەن خوای گەورە تەکلیف کراوە کە ژیری و بیری بخاتە کارەوە بۆ تێگەیشتن لەسەرجەم لەو نیشانە و بەڵگانەی کە خوای گەورە لەدەوروبەری دروستی کردوون و بەدیی هێناون.

هۆی پشتهەڵکردن و گوێ پێنەدانیش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك هۆکار، یان ئەو کەسە لەبەر خۆبەزلزانی و لوت بەرزی گوێ نادات بەو بەڵگە و نیشانانە، یان لەناو گاڵتە و گەپ و

(١) سورەتی الانبیاء: ٣٢

ڕابواردندا نوقم بووه و ئاگای لەهیچ نەماوه، بۆیه دەبینین ئەو جۆره کەســـانه کاتێك دەکەونه ناو کێشـــه و گیروگرفت و تەنگانه و ناڕەحەتیەکەوه، هەر هەموو ئەو خۆبەزلزانین و لەزەتی ڕابواردنەی لەبیر دەچێتەوه و یەکســەر پەنا بۆ خوا دەبات و دەپاڕێتەوه و هەق بەچاوی خۆی دەبینێت، زۆرێکیش لەو کەسانه تەوبه دەکەن و دەگەڕێنەوه بۆ لای خوای گەوره.

# بەشی پێنجەم

**باوەڕ (الإيمان):** بریتیە لە وتە و کردەوە و باوەڕ (ئیعتقاد)، ئەم سێ بەشەی باسمانکردن هەر هەموویان باوەڕ (ئیمان) پێکدەهێنن، هەروەك چۆن نوێژی مەغریب سێ ڕکاتە، ئەگەر هاتوو تەنها یەك ڕکاتی کەم بێت پێی ناوترێت نوێژی مەغریب، بەهەمان شێوە ئەگەر هاتوو یەکێك لەو پایانەی ئیمان نوقسان بێت (ووتە - کردەوە - باوەڕ و ئیعتقاد) بە ئیمان دانانرێت.

ئەو سێ دانەیەشی باسمانکردن ناویان لێنانیین ئەرکان، یان مەرجەکانی ئیمان، هەرچەند ئەم دەستەواژانە تا ڕادەیەك مەبەستی ڕاست و دروست دەدەن بەدەستەوە، چونکە هەندێکیان پێدەچێت چەمکی هەڵە بدەن بەدەستەوە.

هەقیقەتی ئەو سێ شتەیش کە ئاماژەمان پێدان، ئەوەیە بە نەهاتنەدی یەکێکیان ماناومەبەستی ئیمانیش نایەتەدی: ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی شەریعەتی محمد المصطفى (ﷺ). مەبەست لە بیروباوەڕ و ئیعتقاد ئەوە نییە کە خێروخۆشیت بۆ خەڵکی بوێت و سەلامەت بیت لەهەموو غەش و خیانەتێك، چونکە زۆربەی دەروون و نفوسەکان مەیلی ئەوە دەکەن هەرچەند باوەڕی بەخالیق و دروستکەرێکی بەدەسەڵات و بەتوانایش نەبێت، بەڵکو مەبەست لە ئیعتقاد و باوەڕ وتەی دڵ و کاروکردەوەیەتی.

مەبەست لەووتەی دڵیش: باوەڕ و بەڕاستزانینی **(لا إله إلا الله ومحمد رسول الله)** و باوەڕ بەوەیش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆی هاتووە لەلایەن پەروەردگاریەوە هەر هەمووی هەقە و ڕاستە.

مەبەست لەکاروکردەوەی دڵیش: خۆشەویستی (الله) وپێغەمبەرەکەی و ئاینی پیرۆزی ئیسلام، وە خۆشەویستنی ئەوەش کە خوا و پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێت، لەگەڵ دڵسۆزی

و ئیخلاص لە عیبادات و پەرستشنەکاندا بۆ پەروەردگار.

ئـەبێـت ئـەوەش بزانین مـەبـەســـت لـە وتەی خێر، کورت هەڵنایەت لە وتە چاکەکانی وەك ڕاســتگۆیی لەگوفتار، و نەرمونیانی لەگەڵ دایك و باوك، و ســەلام لەخەڵك کردن، و ڕێنمونی کردنی کەســێك کە ڕێگای ونکردووە، چونکە هەموو ئەمانە زۆربەی خەڵکی حەزیان لێیەتی، ئەگەر چی کافر و بێباوەڕیش بن، و باوەڕیان بەبوونی خوایش نەبێت، بەڵکو مەبەســـتمان لە وتەی خێر ئەوەیە کە تایبەتمەندی پەیامەکەی محمد المصطفى (ﷺ)ـــە.

لەسەروو هەمووشیانەوە وتنی شایەتومانە و بەڕاست زانینیەتی بەدڵ **(أشهد أن لا إله إلا الله و أن محمد رســول الله)**، تەســبیحات کردن و بەگەورە گرتنی خوای گەورە بە وتنی زیکری **(الله أكبر)** بەهەق و ڕاستی.

وە مەبەستمان لە کردەوەی چاکەش کورت هەڵهێنانی نییە لەکردەوەی باشـە گشتیەکان، وەك چـاکـەکردن لەگەڵ دایك و باوك، یان لابردنی ئەزیەت و ئازار لەســـەر ڕێگای خەڵکی، یان خواردندان بەهەژاران، و ســەرخســتن و یارمەتیدانی کەسانی ستەملێکراو، و ڕێزنان لەمیوان، چونکە هەموو ئەم کردەوە باشـانە خەڵکانێك کە باوەڕیشیان نەبێت بەخوا حەز لەوەها کارێك دەکەن، بەڵکو مەبەســتی ســەرەکی لەکاروکردەوەی خێروچاکە ئەو کاروکردەوانەیە کە تایبەتە بە پەیامی محمد المصـطفى (ﷺ)، وەك نوێژکردن و زەکاتدان، و ڕۆژووگرتن، و حەجکردن و نموونەی تری وەك ئەم کردەوانە، لەگەڵ ئەو کردەوانەی تریش کە لەسەرەوە باسکران.

ئەو کردەوانەش کە ســەرجەم پەیامە ئاســمانیەکان لەســەری یەکڕا و یەکدەنگن و فیطرەت و ســروشــتی ســەلیمی مرۆڤیش ئارەزووی دەکات، وەك حەزکردن بەخێروخۆشــیی خەڵکی، و ڕاســتگۆی لەگوفتار، و چاکە کردن لەگەل دایك و باوك، و خواردندان بەهەژاران، و لابردنی ئەزیەت و ئازار لەســەر ڕێگای خەڵکی و نموونەی تری وەك ئەم کاروکردەوە چاکانە، ئەگەر هاتوو مەبەســت لێیان ڕەزامەندی خوای گەورە و دڵســۆزی بێت بۆ پەروەردگار ئەوە بێگومان

ئیمـان و بـاوەڕی مرۆڤی پێ زیـاد دەکـات، بـەڵام مانای ئەوە نییە ئەگەر هاتوو ئەم کردەوانە نەبوون ئەوا ئەو کەسـە ئیمان و باوەڕی نییە، وە ئەگەر هەیشـیبوون ئیتر ئەو کەسە باوەڕدارە، نەخێر بەڵکو مانای ئەوەیە هەر کەس ئەو کردەوە باشـانە بکات ئەوە فیطرەتی ساغ و سەلیمە و ئـەو بـەهـا مرۆییەی کە خوای گەورە مرۆڤی لەســەر خەلق کردووە نەگۆڕراوە، ئەم جۆرە لـە فیطرەتیش هـەموو کـاتێك زۆر نزیکە لەوەرگرتنی هەق و ڕاســتی و قبوڵکردنی، چونکە خوای گـەورە فـەرموویـەتی: ﴿فِطْرَتَ اللهِ الّتِي فَطَرَ النّـاسَ عَلَيْهَـا﴾[1] واتە: لەســەر ئەو خیلقەتە بن خوا خەڵکانی لەسەر دروستکردووە، واتە پەیڕەوی ئاینی یەك خواپەرستی بکەن.

ئیمان: زیاد و کەم دەکات، یان جاری وا هەیە خوا پەنامان بدات نامێنێت، زیادکردنیشــی بە طـاعـەت و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، وە هەروەها ئیمان کەمیش دەکات بە ســەرپێچی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەبێت ئەوەش بزانین کە ئیمان بەکوفر و شــیرك و هـاوەڵ پەیداکردن نەبێت نافەوتێت و تیاناچێت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا﴾[2] واتە: باوەڕدارانی ڕاستەقینە و دڵسۆز هەر ئەوانەن کە هەر ناوی خوا هێنرا، دڵیان لەبەر گەورەیی ئەو دەکەوێتە لەرزە و ترسـی لێدەنیشـێت، هەر کە ئایەتەکانیشی دەخوێنرێنەوە بەسەریاندا، باوەڕیان زیاد و بەهێز دەبێت.

هـەروەهـا فـەرموویـەتی: ﴿هُوَ الّـذِي أَنْزَلَ السّــكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ﴾[3] واتە: هەر ئەو خوایە خۆی ئارامی و هێمنیی دابەزاندۆتە ســەر دڵی ئیمانداران، بۆ ئـەوەی کە ئیمانیان دامەزراوتر و پتەوتر بکات، ســەرەڕای (ئیمانداری و خواناســیان)

(١) سورەتی الروم: ٣٠
(٢) سورەتی الانفال: ٢
(٣) سورەتی الفتح: ٤

ئیمانیان زیاد ببێت.

پـاش کوفر و بێباوەڕیش، ئیمان و باوەڕ بۆ هیچ کەســێك ثابت و جێگیر نابێت و بەباوەڕدار ناژمێررێت، بەم مەرجانەی خوارەوە نەبێت:

**یەکەم:** باوەڕ و ئیعتقاد، ئەویش بەگوفتاری دڵ، کە مەبەســت پێی پەیامەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بەڕاسـت بزانێت، وە بەکردەوەی دڵ، کە مەبەسـت پێی خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ)، وە خۆشەویستی ئەوەشی کە خوا و پێغەمبەر (ﷺ) خۆشیان دەوێت.

**دووەم:** پاشـان بە وتەی زومان جارێکی تر شـایەتومان بهێنێتەوە و بڵێ: (أشـهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا رسول الله).

**سێهەم:** پاشان کاروکردەوەی ئەندامەکانی جەستەیـــــــە، وەك ئــەنجامدانی (نوێژ و ڕۆژوو و حەج و دەرکردنی زەکات).

جا بۆیە هەرکەس بەدڵی پەیامەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بەڕاســت بزانێت، لەگەڵ ئەوەدا بتوانێت بەزومانیش شایەتومان بهێنێت، بەڵام شایەتومانی نەهێنا، ئەوە بەباوەڕدار دانانرێت.

وە هەرکەسـیش بەدڵی پەیامەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بەڕاسـت بزانێت، بە زومانیش شایەتومانی هێنـا، وە توانـای ئەوەشـــی هەبوو کە ئەو کاروکردەوانەی کە تایبەتە بە پەیامەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەنجامی بدات، بەڵام ئەنجامی نەدا، دیسان ئەو کەسە بە باوەڕدار دانانرێت.

بەڵام هەرکەسـێك دەیویست و ئیرادەی ئەوەی هەبوو کە بەزومان شایەتومان بهێنێت، یان ئەو کاروکردەوانە ئەنجام بدات کە شــەریعەتی ئیســـلام فەرزی کردوون، بەڵام نەیتوانی بیکات، ئەوە خوای گەورە لەبارەی ئەو کەسانەوە فەرموویەتی: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾[1]

---

(١) سورەتی البقرة: ٢٨٦

واتە: خوای گەورە بەدەر لەتوانا تەکلیف و ئەرك ناخاتە سەرشانی هیچ کەسێك.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آتَاهَا﴾[١] واتە: خوای گەورە بەگوێرەی دارایی هەر کەسێك داوای بەخشینی دەکات.

لەم دوو ئایەتە پیرۆزەوە بۆمان ڕوون بوویەوە خوای گەورە هێندەی ئەو توانا و دەسەڵاتەی داویەتی بە بەندەکانی داوای عیبادەت و پەرسشەکانیان لێ دەکات، ئەگەر بەندەکانی کەوتنە حاڵەتێکەوە کە توانای ئەوەیان نەبوو فەرمانەکانی خوای گەورە جێ بەجێ بکەن، خوای گەورەش داواکاری و تەکلیفەکانی شەریعەتیان لەسەر سووك دەکات، بۆ نموونە خوای گەورە فەرزی کردووە بەئاوێکی خاوێن دەستنوێژ بگرین بۆ نوێژکردن، خۆ ئەگەر ئاو دەست نەکەوت، خوای گەورە مۆڵەتی داوە بەگڵ تەیەمووم بکرێت لەبری ئاو، خۆ ئەگەر لەجێگایەکدا بوویت گڵیش دەست نەکەوت ئەوە دروستە بەبێ دەست نوێژ نوێژەکەیشت بکەیت، یان خوای گەورە لەسەری فەرزکردوین لەڕەمەزاندا بەڕۆژوو بین، ئەگەر کەسێك نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو، دەتوانێت نەیگرێت و پاشان بیگرێتەوە، خۆ ئەگەر ئەو کەسەی نەخۆشە نەیتوانی پاشانیش بیگرێتەوە، ئەوە خوای گەورە تەکلیفی گرتنەوەی لێ ناکات.

---

(١) سورەتی الطلاق: ٧

# بەشی شەشەم

خوای گەورە و میهرەبان خاوەنی کۆمەڵێك صیفات و ناوی پیرۆزە، هیچ کەس هێندەی خوای گەورە شارەزاتر نییە بەخوای گەورە خۆی، بۆیە ئەو صیفەتانەی کە خوای گەورە لەسەر خۆی نەفی کردووە ئێمەش نەفی دەکەین و لێی دوور دەخەینەوە، وە ئەو ناو و صیفەتانەشی کە خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) لەقورئان و سوننەتدا بڕیاریان داوە، ئیمەش بۆی بڕیار دەدەین و باوەڕمان پێیەتی، وە هەموو صیفەت و ناوێکی نەشیاوی لێ دوور دەخینەوە، هەروەك چۆن هەموو مانایەکی کەمال و تەواوی بۆ بڕیار دەدەین، چونکە خوای گەورە خاوەنی هەموو صیفەتێکی کەماله، بەهەمان شێوە ئەو ناو و صیفەتانەی خوای و پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاریان داوە، باوەڕمان پێیەتی بەبێ ئەوەی کەیفیەتی بۆ دابنێین، یان بیشوبهێنین بەشتێکی تر، یان هاوشێوەی و وێنەی بۆ بڕیار بدەین.

هەرکەسێکیش وەصفی خوای گەورەی بەو شێوە کەموکورتیە کردبێت، ئێمەیش ئەو صیفەتە کەموکورتیە بەهەموو شێوەیەك نەفی دەکەین بۆ خوای گەورە، هەروەك چۆن خوای گەورە ژن و منالی بۆ خۆی بڕیار نەداوە و نەفی کردووە، لەم بارەیەشەوە فەرموویەتی: ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ﴾[1] واتە: باشە چۆن خوای گەورە رۆڵەی دەبێت ؟! خۆ ئەو ذاتە هاوسەری نییە، هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ﴾[2] واتە: خوای گەورە هیچ کەسی لێ نەبووە و خۆشی لە کەس نەبووە.

هەروەها صیفەتی بەخیلی و چروکیی نەفی کردووە، لەکاتێکدا جولەکەکان وەصفی خوای گەورەیان بەوە دەکرد کە چروك و بەخیلە (پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە) وەك فەرموویەتی:

---

(١) سورەتی : الانعام: ١٠١

(٢) سورەتی الاخلاص: ٣

﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾[١] واته: ئەو جولەکە (نەفام و خوانەناسـانە) دەیانوت: خوا دەستی بەستراوە و خێری لەدەست نابێتەوە!! دەك دەسـتیان بەسـتراو و بێ خێر و کەلەپچە و تووشـی شەلەل بێت، دەك نەفرینیان لێ بێت، بۆ خۆیان و قسـەیان، نەخێر، وانیە بەڵکو هەر دوو دەسـتی (پەروەردگار) هەمیشە و بەردەوام کراوەیە.

ئەو ناو صیفەتانەی کە بەوەحی بۆ خوای گەورەی بڕیاردراوە، ئێمەش باوەڕمان پێیەتی و بۆی بڕیار دەدەین، هەقیقەتی ئەو ناو و صـــیفەتانە بڕیار دەدەین، لەگەڵ دەرك کردن بەهەندێك لە شوێنەوارەکانی، وەك ئەوەی خوای گەورە خاوەنی صیفەتی (الرحمن و الرحیم) ــە، ئەم دوو صـیفەتە بۆ پەروەردگار بڕیار دەدەین و هەندێك لەشـوێنەواری ڕەحمەت و میهرەبانی خوای گەورەش لەناو دروسـتکراوەکانیدا هەسـت پێ دەکەین، بەبێ ئەوەی بیشـوبهێنین بە رەحم و میهرەبانی دروســتکراوەکانی، چونکە خوای گەورە نموونەی نییە، وەك فەرموویەتی: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾[٢] واتە: هیچ شتێك نیە لەوێنە و هاوشێوەی ئەو (خوا) یە، نـە لەذاتیدا، نە لەسـیفاتیدا، نە لەکرداریدا، بۆ خۆی تەنیایە و لەهەموو شـتێك بێ نیازە و هەموو شتێکیش نیازمەندە بەو، چونکە ئەو خوایە بە هەموو شتێك ئاگا و زانایە.

وە دروسـت نییە بەهیچ شـێوەیەك قیاسـی خوای گەورە بکەینە سـەر هیچ شتێکی تر، چونکە قیاس پێویسـتی بەوە هەیە شـتێك بەشـتێکی تر بچوێنیت، کە لەزمانی زانایانی ئوصـوڵدا پێی دەوترێت (أصـل و فرع)، چونکە خوای گەورە لەهیچ شـتێك ناکات و هیچ شـتێکیش لەو نـاکـات، ئەو ذاتە پاك و بێگەرد و پیرۆزە تاك و تەنها و بێ نازە لەهەموو شـتێك، وە هەموو شـتێك نیازمەندە بەئەو، وە لەکەس نەبووە و کەسیشی لێ نەبووە، هەرگیز هاوتا و هاوشێوە و

---

(١) سورەتی المائدة: ٦٤

(٢) سورەتی الشوری: ١١

دەسەڵاتدارێکی تر نییە کە لەبەرامبەریەوە بوەستێت و هاوشانی بێت.

چونکە ژیری و عەقڵی مرۆڤەکان ئالەتن و خوای گەورە خەلقی کردوون، ئەوەی دەیبیستێ قیاسی دەکاتە سەر ئەو شتەی کە پێشتر بینیویەتی، گوێی لەو ناو و صیفەتانە بووە کە خوای گەورە بۆ خۆی بڕیارداوە، بەڵام پێشتر هیچ شتێکی هاوشێوەی ئەوەی نەبینیوە، بۆیە هەموو عەقڵ و ژیریەك قیاسی دەکاتە سەر نزیکترین شتێك کە پێشتر بینیویەتی، وە شێوەی دەکات بەو شێوانەی کە بینیونی، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە خوای گەورە و میهرەبان لەعەقڵ و ژیریی مرۆڤەکاندا نموونە و هاوشێوەی نییە، بۆیە هیچ ناو وصیفەتێکی خوای گەورە کە بۆخۆی بڕیارداوە تەعطیلی ناکەین و لێی دوور ناخەینەوە تەنها لەبەر ئەوەی کە نموونەیەکی خراپ پێشتر لەبیر و بۆچوونماندا چەسپیوە و دەمانەوێت لەبەر ئەو نموونە خراپە ئەو صیفەتەش لەخوای گەورە دوور بخەینەوە، چونکە مرۆڤ واگومان دەبات صیفەتەکانی خوای گەورەش وەك صیفەتە ناتەواوەکانی خۆی وان، بۆیە بەم شێوەیە دەکەوینە ناو نەفی کردنی قیاسێکی ناتەواو و باطڵەوە، یان خوا پەنامان بدات دەکەوینە بەدرۆزانینی خەبەرێکی صەحیح و دروست و کە خوا و پیغەمبەر (ﷺ) بڕیاریان داوە، لەبەرامبەر ئەمەدا دەبێت ئێمە هەموو مانایەکی خراپ و ناتەواو لەدڵ و دەروونماندا بۆ خوای گەورە نەفی بکەین و هەموو ناو و صیفەتێك کە خوا بۆ خۆی بڕیار داوە ئێمەیش بۆی بڕیار بدەین و لەو سنوورەدا بوەستین و زیادەڕۆیی نەکەین، وەك فەرموویەتی: ﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِ عِلْمًا﴾[١] واتە: خوا بە هەموو ئەوشتانە دەزانێت کە ئەوان پێشیان خستووە و کردویانە لە دونیادا، وە هەروەها بەو شتانەش چاك دەزانێت کە لە ڕۆژی دواییدا چاوەڕێیانە، واتە: ئاگای لەهەموو شتێکیانە، ئەو خەڵکە هەرگیز ناتوانن ئاگاداری زانست و زانیاری بێ سنووری ئەو ذاتە ببەن.

---

(١) سورەتی طه: ١١٠

هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾[1] واته: هیچ چاوێك دەركی ناكات و بۆی نایبینرێت، لە كاتێكدا ئەو هەموو چاوەكان دەرك دەكات و دەیانبینێت و بەووردیش ئاگای لەهەموو شتێكە، تەنها ئەویشە كارناسك و وردبین و ئاگادار بەهەموو شتێك.

خوای گەورە لەسەر عەرشەكەی خۆیەتی لەئاسمان و قەراری گرتوە، هەروەك فەرموویەتی: ﴿هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ * هُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾[2] واته: هەر خوای گەورە یەكەمە و هیچ شتێك لەپێشیەوە نیە، دواهەمینیش هەر ئەوە كە هیچ لەدوایەوە نیە، بوونی ئاشكرا بە بەڵگەكانی هەر ئەوە (واته: لە زوور ئەوەوە ئاشكراتر نیە)، وە پەنهان بەهەقیقەت و كونهی لەدروستكراوەكانی هەر ئەوە كە لەو پەنهانتر نیە، هەر ئەویش زانایە بەهەموو شتێك (لە زەڕەیەكەوە تاوردتر) ئاگاداری هەموو شتێكە * ئەو خوایە ئاسمانەكان و زەویی لەماوەی شەش ڕۆژدا دروستكرد، پاشان چووە سەر عەرشی خۆی و قەراری گرت، بەچوونێك شایستەی ذاتی خۆی بێت: {(استواء يليق بجلاله من غير تمثيل ولا تكييف)، تەفسیری ئەم ئایەتەیان لەپێشەوا مالێك پرسیوە لەوەلامدا وتوویەتی: وەستانەكە حەقیقەتی هەیە، چۆنیەتیەكەی شاراوەیە، پرسیاركردن دەربارەی بیدعەیە، باوەڕ بوون پێی واجبە}، هەر خۆی دەزانێت چی دەچێت بەناخی زەویدا و چیشی لێ دێتە دەرەوە، چی لەئاسمان دێتە خوارەوە و چی پیادا سەردەكەوێت، جا لەهەر شوێنێك دابن ئەو ذاتە لەگەڵتاندایە و پێتان دەزانێت، دڵنیابن كە خوا بەهەموو ئەو كار و كردەوانەی ئەنجامی دەدەن بینایە.

---

(١) سورەتی الانعام: ١٠٣

(٢) سورەتی الحديد: ٣ - ٤

خوای گەورە صیفەتی (ئیستوای) بۆ خۆی بڕیار داوە لەسەر عەرش، هەروەها ئەوەشی بڕیار داوە کە زۆر زانایە بەهەموو شتێك، وە باسی ئەوەشی کردووە، کە بە پشتیگیری کردنی لەگەڵ بەندەکانیدایە، لەگەڵیاندایە بەعیلم و چاودێری و بیستنی خۆی: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ﴾[1] خوای گەورە وەك ووتمان لەگەڵ بەندەکانیدایە بە پشتگیری کردن و سەرخستن و چاودێری کردنیان، وەك لەبارەی موسى و هارونەوە فەرموویەتی: ﴿قَالَ لَا تَخَافَا إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَىٰ﴾[2] واتە: خوای گەورە دڵنیای کردن و پێی فەرموون: مەترسن بەڕاستی من لەگەڵ ئێوەم، هەموو شتێك ئەبیستم و هەموو شتێکیش ئەبینم.

خوای گەورە ویست و مەشیئەتی تەواوی هەیە، کە هەموو شتێك دەگرێتەوە، ئەوەی خوای گەورە ویستبووی، ڕوویداوە و بووە، ئەوەشی نەیویستبێت نەبووە و ڕووی نەداوە، بەبێ کەموکورتی ئەوەی بۆ خۆی بڕیار دابێت، ئێمەیش بۆی بڕیار دەدەین، بەبێ ئەوەی زۆر ڕۆبچین لەوە زیاتر، هەروەك چۆن عەقڵگەراکان لەصیفەتەکانی خوای گەورەدا ڕۆچوون و زیادەڕۆییان کردووە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالَ كَذَٰلِكَ اللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ﴾[3] واتە: دوای ئەوەی کە زەکەریا (سەلامی خوای لێ بێت) بەخوای گەورەی فەرموو: من کە پیر بووم چۆن کوڕم دەبێت، خوای گەورە لەوەڵامیدا فەرمووی: خوا هەرچی بیەوێت و ئارەزوو بکات وادەکات، ئەم کارەی تۆیش بڕاوەتەوە و هەردەبێت.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ﴾[4] واتە: بەڵام خوا هەرچیەکی بوێت هەر ئەوە ئەنجام دەدات هەر ئەوە پێش دەهێنێت، وە فەرموویەتی: ﴿ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ * فَعَّالٌ

---

(١) سورەتی الحدید: ٣ - ٤

(٢) سورەتی طه: ٤٦

(٣) سورەتی ال عمران: ٤٠

(٤) سورەتی البقرة: ٢٥٣

لِمَا يُرِيدُ﴾[1] واته: خواي گەورە خاوەنی عەرشی گەورەیە * هەرچی بیەوێت ئەنجامی دەدات و کەس ناتوانێت دەست بهێنێتە ڕێی.

لەکۆتاییەوە جارێکی تر دەڵێینەوە: ئەو ناو و صـیفەتانەی کە وەحی بەقورئان و سـونەتەوە بۆ خوای گەورەیان بڕیار داوە ئێمەیش بۆی بڕیار دەدەین،، لەوە زیاتر هیچ شـتێکی تر ناڵێین و لەو ڕادەیەدا دەوەسـتین، ئەو صـیفەتە ناتەواوانەشـی کە ژیری و عەقڵی سـەلیم لە خوای گـەورەی دوور دەخـەنـەوە و نـەفیی دەکـەن لێی، ئێمەیش نەفیی دەکەین و لەپەروەردگاری دوور دەخەینەوە، هەرچەند لەدەقەکانی قورئان وسونەتیشدا نەهاتبن، وەك دوور خستنەوەی صـیفەتی گریان و صـیفەتی برسـێتی و صـیفەتی ماندوو بوون وهتد...لە خوای گەورە و پەروەردگار.

[1] سورەتی البروج: ١٥ - ١٦

# بەشی حەوتەم

**قورئـان:** کـەلام و گوفتـاری خوای گـەورەیـە، کـە بەهەقیقەت قسـەی بەپیت و ئایەت و سـورەتـەکانی کردووە (واتە مەجاز نییە وەك هەندێ کەس دەڵێن)، هەرگیز باوەڕمان وانیە و نـاڵێین: قورئـان مـانـای کـەلامی خوا، یان گێرانەوەی کەلامی خوایە، وە باوەڕیشـمان وایە، بەردەوام خوای گەورە خاوەنی صیفەتی (کلام) ـەو هەرکاتێك بیەوێت قسە دەکات، وەك خوای گـەورە فەرموویەتی: ﴿وَكَلَّمَ اللهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا﴾[1] واتە: خوای میهرەبان بۆ خۆی ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ مووسادا کردووە، بۆیە پێی دەگوترێ (کەلیم).

دەبێت ئەوەش بزانین کە کەلامی خوای گەورە هەر قسە و گوفتارەکانیەتی وەك فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ﴾[2] واتە: خوای گەورە هەمیشە هەر وتەی ڕاست و دروست ئەڵێ و چی هەقە ئەوە بەیان دەکات.

کەلام و گوفتاری خوای گەورە ئەوەیە کە سینەی باوەڕداران لەبەر (حفظ)ـی دەکەن، وەك فەرموویەتی: ﴿بَلْ هُوَ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ فِي صُدُورِ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ﴾[3] واتە: بەڵکو ئەو قورئانە چەن ئایەتێکی ڕوون و ئاشکرا و پارێزراوە لەسینگ و دڵی ئەو کەسانەدا زانیاریان پێدراوە.

کەلام و گوفتاری خوای گەورە گوێیەکان دەیبیسـتن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ﴾[4] واتە: ئەگەر کەسـێك لە هـاوەڵگـەران داوای پـەنـای لێ کردیـت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) (ئەی ئیماندار)، ئەوە تۆیش

---

(1) سورەتی النساء: ١٦٤

(2) سورەتی الاحزاب: ٤

(3) سورەتی العنكبوت: ٤٩

(4) سورەتی التوبة: ٦

پەنای بدە هەتا گوێی لە فەرموودەکەی خوا (قورئان) دەبێت.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو کەسەی پەیامەکەی خوا دەگەیەنێت پێغەمبەری خوایە (ﷺ) بەڵام ئەمە وای نەکردووە ئەو قورئانە لەکەلامی خوای گەورە دەربچێت، بەلکو هەر کەلام و گوفتاری پەروەردگارە.

کەلامی خوای گەورە، ئەوەیە کە لەدوو توێی دێرەکاندا دەنوسرێتەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَكِتَابٍ مَسْطُورٍ * فِي رَقٍّ مَنْشُورٍ﴾[١] واتە: سوێند بەو پەڕاوەی کە لەدوو توێی دێرەکاندا نووسراوەتەوە (کە قورئانە) * واڵا کراوە لەپێستێکی تەنك و ناسکدا، کە بۆ هەمووکەس حوکم و بڕیارو ئادابەکانی ئاسانە.

خوای گەورە کەلام و گوفتارەکانی لە ( لوح المحفوظ ) لای خۆی پاراستووە، وەك دەفەرموێت: ﴿بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَجِيدٌ * فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ﴾[٢] واتە: (ئەوەی ئەوان دژایەتی دەکەن) ئەو قورئانە بەرزو بڵند و پایەدارەیە * کە لە لاپەڕەی تایبەتی و لەسەر تابلۆی پیرۆز، پارێزراوە لە (لوح المحفوظ) دا، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّهُ فِي أُمِّ الْكِتَابِ لَدَيْنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ﴾[٣] واتە: بەڕاستی ئەم قورئانە لە تابلۆی پارێزراو (لوح المحفوظ) دایە لای ئێمە کە زۆر بڵندە و پڕە لە دانایی.

کاتێك دەڵێین کە قورئان لەدوو توێی دێرەکاندا نووسراوەتەوە، لەوە دەری ناکات کە کەلام و گوفتاری خوا نەبێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئەو لاپەڕانەی کە کەلامی خوای گەورەیان تێدا نووسراوەتەوە لەگەڵ ئەو مەرەکەبەشی پێیان نووسراوەتەوە هەردووکیان مەخلوق و دروستکراوی خوای گەورەن، وەکە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَابًا فِي

---

(١) سورەتی الطور: ٢ - ٣

(٢) سورەتی البروج: ٢١ - ٢٢

(٣) سورەتی الزخرف: ٤

قِرْطَاسٍ﴾[1] واتە: ئەگەر لەباتی ئەم قورئانە کەئێستا بۆت هاتووە نووسراوەیەکی ترمان لەسەر کاغەز و لاپەڕەیەك دابەزاندبایە.

سەرنج بدە خوای گەورە قورئانی لەلایەك داناوە، نووسراوەکانیشی لەلایەکی ترەوە داناوە، مانای ئەوەیە کە قورئان کەلامی خوای گەورەیە، هەرچەند ئەگەر نووسرابیشێتەوە لەدوو توێی کتێب و دێڕەکانیدا.

لەجێگایەکی تردا خوای گەورە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە قورئان کەلام و گوفتاری خوای گەورەیە، هەرچەند بەمەرەکەب و چەند پێنووسێك نوسرابنەوە کە مەرەکەب و پێنووس دروستکراوی خوای گەورەن، وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِنْ شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ﴾[2] واتە: خۆ ئەگەر بەڕاستی هەرچی درەخت هەیە لەزەویدا ببنە پێنووس، دەریاش چەندەیە ببێتە حەوت ئەوەندە و (ببێتە مەرەکەب و زانست و نهێنی دروستکاوەکانی خوا بنووسنەوە)، ئەوە هێشتا زانست و زانیاری و فەرمانەکانی خوا هەر تەواو نابێت.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿قُلْ لَوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَنْ تَنْفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا﴾[3] واتە: ئەی موحەمەد پێیان بڵێ ئەگەر دەریا هەمووی مەرەکەب بێت و زانست و زانیاری پەروەردگارمی پێ بنووسرایە، دەریا تەواو دەبوو پێش ئەوەی زانست و زانیاری پەروەردگارم تەواو ببێت، ئەگەر چەندەها ئەوەندەی تر دەریاش بهێنین و بیکەنە مەرەکەب، چونکە زانست و زانیاری پەروەردگار کۆتایی نایە و بێ سنوورە.

ئەوەی پێنووسەکان نوسیویانەتەوە، و ئەوەشی نەنوسراونەتەوە، هەر هەمووی بەبێ جیاوازی

---

(١) سورەتی الانعام: ٧

(٢) سورەتی لقمان: ٢٧

(٣) سورەتی الکهف: ١٠٩

کەلام و گوفتاری خوای گەورەیە.

هەرکەس بڵێ کە کەلام و گوفتاری خوای گەورە دروستکراو (مخلوق) ـــــــە، ئەوە بێگومان بێباوەڕ بووە، چونکە کەلامی خوای گەورە صـیفەتێکە لە صـیفەتەکانی، وە پەروەردگار خۆی جیـاوازی کردووە لـەنێوان کـەلامی خۆی و مـەخلوقـەکـانیـدا، کەواتە کەلامی خوای گەورە ناچێتە چوار چێوەی مەخلوقاتەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾[١] واتـە: بەڕاسـتی پەروەردگارتان ئەو خوایەیە کە ئاسـمانەکان و زەویی لە شـەش ڕۆژدا دروست کردووە پاشان (خوا) چووە سـەر عەرش (ئێمە ئیمانمان پێ یەتی بەڵام شێوەکەی نازانین) بەتاریکایی شەو، ڕۆشـنایی ڕۆژ دادەپۆشـێت، (بەپێچەوانەشـەوە) (ڕۆژ بەشـوێن شەووەیە بە خێرایی و) شەو بـەشــوێن ڕۆژەوەیـە بەخێرایی، خۆر و مانگ و ئەسـتێرەکانیش ژێر بار کراوون بەفەرمانی خۆی، وریـا و بێـداربن کـە بـەدیهێنـان و فـەرمـانـدان هـەر بۆ خوایە، خوای پەروەردگاری جیهانیان پاك و بێگەردە لەهەموو کەم و کوڕی یەك.

ئـەگـەر سـەرنج بدەین کە خوای گەورە لەکۆتایی ئایەتەکەوە فەرموویەتی: ﴿أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ﴾ مەخلوقاتی جیا کردوەتەوە کە ئاسـمانەکان و زەوی و ڕۆژ و مانگ و ئەسـتێرەکانە، لەفەرمان و ئەمری خۆی، کەواتە ئەمر و فەرمان و کەلامی خوا جیاوازە لەمەخلوقات.

خوای گەورە دەنگی قورئانخوێنەکانی دروسـتکردووە، ئەویش بە دروستکردنی لێو و زومان و گـەروو، وە لیـك و ئـەو هـەوایەشـــی لەدەم دێتە دەرەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نەڵێین ئەو دەنگەی کە دەبیسـترێت مەخلوقە، نەخێر باوەڕمان وایە ئەو دەنگە مەخلوقە کە دەمی قورئان

---

(١) سورەتی الاعراف: ٥٤

خوێنێك دەردەچێت، بەڵام کەلامی خوای گەورە کە دابەزیوە مەخلوق نیە و صـــیفەتی خوای گەورەیە، هەروەك فەرموویەتی: ﴿وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِنْ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾[١] واتە: لە کاتێکدا بێگومان دەســتەیەك لەشارەزاکانیان (شارەزاکانی جولەکە) گوفتاری خوایان دەبیســت لە (تەورات)ـــدا، لەوەودوا دەســتکاریان دەکرد دوای ئەوەی کە تێی گەیشتبوون و دەیانزانی ڕاستیەکەی کامەیە.

ئـەوەی کـە بیســـتبوویـان کەلامی خوای گەورە بوو، هەرچەند لەدەمی خوێنەرەکانی دەهاتنە دەرەوە، هەروەك هەندێك لەزانایان وتوویانە: دەنگەکە دەنگی ئەو کەســـەیە کە دەیخوێنێتەوە، بەڵام کەلام و گوفتارەکە کەلام و گوفتاری خوای گەورەیە.

---

(١) سورەتی البقرة: ٧٥

# بەشی هەشتەم

بەهەردوو بەشــی نەقڵ و عەقڵەوە، هەقیقەتە شــەرعییەکان دەزانرێت و دەرکیان پێ دەکرێت، مەبەسـتمان لە نەقڵ (قورئانی پیرۆز و سوننەتی سەحیحی پێغەمبەرە (ﷺ)، وە مەبەستیشمان لە (عەقڵ) ژیری و دەرکی مرۆڤە، بۆیە نەقڵ هیچ ســوود بەکەســێك ناگەیەنێت کە ژیری و عەقڵی لەدەســت دابێت، هەروەك چۆن عەقڵ و ژیریش بەبێ نەقڵ هیچ ســوودێك ناگەیەنێت بــەخاوەنەکەی، لەئەنجامدا بەوە دەگەین، مرۆڤ ئەگەر هەریەکێك لەم دوو بەشـــەی ناتەواو بێــت نــاتوانێــت هــەق و ڕاســـتی بناســـێت، خۆ ئەگەر نەقڵ و عەقڵی مرۆڤ پێك نەهاتنەوە لەڕواڵەتدا ئەوا دەبێت نەقڵ (قورئان و ســوننەت) پێش بخرێن بەســـەر عەقڵدا، چونکە نەقڵ بریتیە لەزانســـت و زانیاری پەروەردگار کە کەماڵ و بێ کەموکورتیە، وە عەقڵیش زانســـت و زانیاریی مرۆڤە کە کەموکورت و ناتەواوە.

نموونەی عەقڵ وەك چاو وایە و نموونەی نەقڵیش وەك نوور وایە، بۆیە دەبینین کەسی خاوەن چاو لەشـــەوە زەنگێکی تاریکدا هیچ ســـوود لەچاوەکانی نابینێت ئەگەر ڕووناکی و نوورێك نەبێت ڕێگای پێ دەربکات، بەهەمان شـــێوە مرۆڤیش ناتوانێت بەبێ وەحی و ســـروش هیچ ســـوود لەعەقڵ و ژیری خۆی وەربگرێت، بە ئەندازەی نوور و ڕووناکیش چاوەکان دەبینن و ڕێگا دەدۆزنەوە، هەروەك چۆن بەئەندازەی وەحی و سروش عەقڵ و ژیریش ڕێگا دەردەکات و هیــدایــەت وەردەگرێــت، هەرکاتێکیش نەقڵ و عەقڵ بەیەکەوە تەواوکاری یەك بوون، ئەوە بێگومـان هیدایەت و بەرچاوڕوونیش تەواو و کامڵ دەبن، هەروەك چۆن لەڕۆژێکی نیوەڕۆدا چـاوی مرۆڤ زۆر باش دەبینێت و ڕێگا دەگرێتە بەر، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿أَوَمَن كَـانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِـــي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ

مِنْهَا كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[١] واته: ئاخۆ کەسێك مردوو بێ و ئەمجا زیندووی بکەینەوە، واتە: کافر و بێ بڕوابێ، پاشان ئیمان و باوەڕ بخەینە دڵیەوە و باوەر بهێنێت و ڕووناکی و نووریشی بدەینێ، وە ڕێی خۆی پێ دەرکا و بەسەربەستی لەناو مەردومدا هاتووچۆ بکات، وەکو کەسێك وایە لەناو تاریکییەکانی شیرك و سەر لێشێواویدا بێت، کە هەرگیزیش نەتوانێ خۆی لێ ڕزگار بکا و بێتە دەرێ؟ دیارە هەر ئەو کەسە زیندوو و خاوەن نوورە، ئەمەش نموونەی ڕێگا و ڕێبازی ڕاستی مرۆڤی بڕوادارە، ئەویشیان مەسەل و نموونەی مرۆڤی لاسار و ڕێگا چەوتەکەی بێ باوەڕانە، وەکو چۆن ئیمان و بڕوا لای بڕواداران جوان و ڕازاوەیە، هەروا ئەو کەسانەش بێ بڕوا و کافرن، کارە خراپەکانیان لا جوانە و هەموو کارێکی خراپ و دزێو بەچاکدەزانن!.

بۆیە مرۆڤی ژیر و عاقڵ لەدونیادا سوود لەعەقڵ و ژیریی خۆی وەردەگرێت، هەروەك چۆن ئاژەڵ و باڵندە گەڕۆکەکان بەئیدراك و هەستی خۆیان ساڵانە کات و شوێنی کۆچی خۆیان دەزانن و شارەزان لەچی جێگایەکدا هێلانە و شوێنی خۆیان ساز دەکەن تاوەکو لەدوژمنەکانیان پارێزراوبن.

لەبەر ئەوە، مرۆڤ ئەگەر بیەوێت بەبێ ئەو وەحی و سروشەی کە دابەزیوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) خوای خۆی بناسێت و ڕێگای هیدایەت بدۆزێتەوە، هەرگیز ناتوانێت بەعەقڵ و ژیریی خۆی و بەبێ وەحی بگاتە ئەو مەبەستەی، لەڕاستیدا دەبێت هەر لەناو تاریکی و گومڕاییدا بسوڕێتەوە، چونکە مەحاڵە مرۆڤ تەنها بەژیریی خۆی بگاتە ناسینی پەروەردگاری، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُمْ مِنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا

---

[١] سورەتی الانعام: ١٢٢

﴿خَالِدُونَ﴾[١] واته: هەر خوایە یار و یاوەری ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە، چونکە لە هەموو ڕێبازە چەوت و تاریکستانەکانی بێباوەڕیەوە دەریاندێنێ و بەرەو نوور و ڕۆشنایی ئیسلامیان دەبات، ئەوانەش کە بێباوەڕن، یار و یاوەریان هەر تاغوت و شەیتانە، لەڕێبازی نوور و ڕووناکی دەریان دەپەڕێنن و بەرەو ڕێبازە تاریکستانەکان دەیانبەن، ئەمانە دەبنە یار و یاوەری ئاگری دۆزەخ و بەهەتا هەتاییش تێیدا ئەمێننەوە.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يُخْرِجُهُمْ﴾ دەریان دەهێنن لەتاریکی بێباوەڕیەوە، چونکە بەبێ خوای گەورە بەڕاستی مرۆڤ لەناو تاریکاییدایە، هەروەك چۆن ڕۆشناییەکان یەکن، هەرچەند جۆرەکانیشیان جیاواز بن، ئەوەیان نوورە و ئەوی دیکەشیان ئاگر، بەهەمان شێوە وەحی و سروشیش یەکە هەرچەند جۆرەکانیان جیاوازیش بن، ئەمەیان قورئان و ئەوی دیکەیان سوننەتی سەحیحی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾[٢] واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردار و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەربن.

جا بۆیە ئەو کەسەی بڵێ بەبێ وەحی دەتوانێت بگاتە هیدایەت و ڕێنموونی، ئەوە وەك ئەو کەسە وایە کە بڵێ بەبێ ڕووناکی دەتوانێت بەتەنها چاوی خۆی ڕێگا دەربکات، بێگومان هەردوولایان ئینکاری شتێك دەکەن کە لای هەموو کەس براوەتەوە و جێگای مشتومڕ نییە، یەکەمیان بێ دین دەبێت و دووەمیشیان بێ دونیا (واتە دەبێت هەر لەتاریکیدا خول بخوات و بسوڕێتەوە).

---

(١) سورەتی البقرة: ٢٥٧

(٢) سورەتی النساء: ٥٩

چونکە خوای گەورە ئەو وەحیەی کە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)ـــی ناردووە بە نووری ناوبردووە، کە مایەی هیدایەتی هەموو دروســـتکراوەکانیەتی، وەك فەرموویەتی: ﴿فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَــرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾[١] واتە: ئەوانەی باوەڕیان بەو پێغەمبەرە هێناوە و پشــتیوانی بوون و پشــتگیریان کردووە و شــوێنی ئەو نوورە کەوتوون (کە قورئانە) هەر ئەوانە ســـەرفراز و ڕزگارن. هەر خوای گەورەیە کە هیدایەتی پێغەمبەرەکان و شوێنکەوتوانیشیانی داوە.

بـاوەڕمان بەوە هەیە کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە، وە ئەوەشـــی کە قەدەغەی کردووە، بەبێ هیچ دوودڵیەك بەڕاســـتی دەزانین، جا ئەگەر هۆکارەکانیمان زانی ئەوە باوەڕمان پێیەتی، خۆ ئەگەر هۆکارەکانیشـمان نەزانی ئەوە تەسـلیم دەبین و باوەڕیشمان پێیەتی، چونکە هەموو مەعقولێك مەرج نییە عەقڵ و ژیری مرۆڤ دەرکی بکات و پەی پێ ببات، چ جای ئەوەی کە عەقل و ژیری دەرکی پێ ناکات و دەبێت هەموو خاوەن عەقل و ژیریەکانیش لەسـەری کۆك بن.

بۆیە هەرکەس بڵێت: (من ئەوەی لەحوکمی خوا، عەقڵ و ژیریم دەرکی پێ نەکات و پەی پێ نەبات باوەڕم پێی نییە، ئەوەی عەقڵ پەی پێ نەبات باوەڕی پێ ناکەم)، ئەوە ئەو کەسە عەقڵ وژیریی خۆی پێش خسـتوە بەسـەر (قورئان و سوننەت)ــــدا، چونکە ئەوەی عەقڵ و ژیریی مرۆڤ دەرکی پێ نەکرد و پەی پێ نەبرد مانای وانیە کە ئەو شــتە نییە، چونکە ئەو دەرکی پێ ناکات، لەبەر ئەوە عەقڵ و ژیری مرۆڤ سنورێکی دیاری کراوی خۆی هەیە و تا ئەندازەیەك توانای دەرکی شتەکانی هەیە، هەروەك چۆن چاوی مرۆڤ تا ڕادەیەك دەتوانێت ببینێت، پاش ئـەوەی کە چاوی نایبینێت مانای ئەوە نییە کە ئیتر گەردوون کۆتایی هاتووە، نەخێر گەردوون زۆر زۆر فراوانترە لەڕادەی دەرکی چاوی مرۆڤەکان، بەهەمان شێوە گوێی مرۆڤ تا ئەندازەیەك

---

([١]) سورەتی الاعراف: ١٥٧

توانـای بیســـتی دەنگـەکـانی هـەیـە، پاش ئەو ئەندازەیە گەلێك دەنگ هەن کە گوێی مرۆڤ توانـای بیســـتنیـانی نییـە، بۆ نموونـە مێرووڵـە دەنگێکی هـەیـە لـەکـاتێکدا مرۆڤ ناتوانێت بیبیستێت، هەروەك چۆن لەم گەردوونە فراوانەدا بە ملیارەها هەسارە و مەجەڕە هەن و ئێمە تا ئێستا نەمان توانیوە بگەین پێیان، یان بیانبینین، یـــان گوێمان لەو دەنگانە بێت کە تێیاندا ڕوو دەدەن.

# بەشی نۆیەم

شـەرع و ياسادان و حوكم تەنها هەر بۆ خوايە، بە زانست و دانايي خۆی ئەو شتەی بيەوێت حەڵاڵی دەكات، وە ئەوەشـی بيەوێت حەرامی دەكات، شـەريعەت و پەيامەكەشی بۆ ئيصلاح و خۆشگوزەرانی دين و دونيا هاتووە، هيچ فەرمان و نەهيەكی لەهيچ كات و جێگايەكدا بەبێ ئيزن و ويستی خۆی نەبێت لەسەر هيچ تەكليفلێكراوێك هەڵناگيرێت.

وە دەبێت ئەوەش بزانين ئەو شــەريعەتەی كە خوای گەورە بۆمانی ناردووە بەهيچ شـێوەيەك بـەش بەشـــی ناكەين، بەجۆرێك كە دينی لەدونيا لێ جودا بكەينەوە، هەر هەمووی فەرمان و تەكليفی خوای گەورەن، جا پەيوەندی بەدينەوە هەبێت يان بەدونياوە.

تـەكليفـە دينيـەكـان: وەك نوێژكردن، ڕۆژووگرتن، حـەج كردن، ذيكر و يـادی خواكردن، دروستكردن و ئاوەدانكردنەوەی مزگەوتەكان.

تـەكليفـە دونيـاييـەكـانيش: وەك كڕين و فرۆشـــتن، نيكـاح و ژنهێنـان، تەڵاقدان،وميرات و ميراتگرتن.

بۆيە هەركەسێك ئەم دووبەشە لەيەكتر جودا بكاتەوە، ئەوە مانای وايە حوكمە دينيەكانی داوە بەخوا، وحوكمە دونياييەكانشـــی داوە بەغەيری خوای گەورە، ئەم باوەڕ و ئيعتقادەش مرۆڤی پێی بێباوەڕ دەبێت (خواپەنامان بدات)، چونكە شـــەرع و ياســـادانان و حوكم هەر هەمووی دەبێت بۆ خوای گەورە (الله) بێت، هەركەسـێكيش باوەڕی وابێت كە تەشـريع و ياسـادانان مافی غەيری خودايە، ئەوە وەك ئەوە وايە باوەڕی وابێت كە سـوژدە بردن دەكرێت بۆ غەيری خوداش ئەنجام بدرێت، لەبـــــــــارەی حـــــــوكميشەوە خوای گەورە فەرموويەتی: ﴿إِنِ

﴿الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ﴾[1] واته: گشــت حوکم و بڕیارێك تەنها و تەنها هی خوایە، دەبێ تەنها ئەو حاکم و بڕیاردەر بێت، فەرمانیداوە کە: ئێوە دەبێ تەنها ئەو بپەرســتن و گوێرایەڵی هەر لەو بکەن.

هەر لەبەر ئەم هۆیەبوو، کە بەنوئیســرائیل بێباوەڕبوون بەخوای گەورە، هەورەك فەرموویەتی: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾[2] واتە: گاور و جوو، حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی خوا (ملکەچ و فەرمانبەرداریانن، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان شتیان بۆ حەڵاڵ یان حەرام دەکەن)، هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش (بەکوڕی خوا دەزانن) لەکاتێکدا کە فەرمانیان پێنەدراوە جگە لە پەرســتنی تاکە خوایەك، بێگومان جگە لەو ذاتە خوایەکی تر نییە، پاکی و بێگەردی و ســتایش بۆ ئەو ذاتەیە، کە (ئەو نەفامانە) هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن.

بۆیە دەبینین خوای گەورە ئەو کاروکردەوانەی هەر هەموو بەشیرك و هاوڵ بڕیاردان داناوە.

خوای گەورە دینەکەی خۆی دابەزاندووە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، شەریعەتەکێکی بێ کەم و کورتیشــی داناوە، هەر ذاتی هەق تەعالای خۆی عالیمە و دەزانێت کە لەداهاتوودا چی ڕوودەدات و لەڕابردوویشدا چی ڕوویداوە، وە زۆر زانایە و ئاگاداری ئەو کات ساتەیش بووە کە شــەریعەتەکەی خۆی بۆ دابەزاندووە، بەهیچ شــێوەیەك نوقصــانی نییە لەعیلم و زانیاریدا ســەبارەت بەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە، تەنها لەبەر ئەوەی لەکات و زەمەنێکی پێشــووتر بوون، یان دواتر، خوای گەورە زانایە بەوەی ڕوویداوە و بەوەشــی کە هێشــتا ڕووی نەداوە، ئەمەش هیچ لەعیلم و زانســتی خوا زیاد ناکات، چونکە ئەوەی لەڕابردوودا ڕویداوە و

---

(١) سورەتی یوسف: ٤٠

(٢) سورەتی التوبة: ٣١

ئەوەشــی کە هێشتا ڕووی نەداوە و لەداهاتوودا ڕوو دەدات، هەرهەمووی لەتەرازووی عیلمی خوای گەورەدا یەکسانە، چونکە خوای گەورە (عالم الغیب والشهادة) یە، پاك و بێگەردی بۆ ذاتێك کە خاوەنی صیفەتی جوانی لەو شێوەیە بێت.

جا هەر کەس پێی وابێت ئەو شەریعەتەی کە خوای گەورە ناردوویەتی بۆمان، تەنها بەکەڵکی ئـەو ســەردەمـە دێـت کـە دابـەزانـد بۆ پێغـەمبـەر (ﷺ)، ئیتر خەڵکی دوای ئەوە دەتوانن شـەریعەت و یاسایەك بۆ خۆیان دابنێت کە پێیان گونجاوترە، هەرچەند پێچەوانەی شەریعەت و یاســاکانی خوای گەورەش بێت، بێگومان ئەمە کوفرێکی ئاشــکرا و ڕوونە، چونکە ئەمە ســەرچاوەی لەوەوە گرتووە وا دەزانێت عیلم و زانســتی خوای گەورەش (جل جلاله) وەك عیلم و زانستی مرۆڤ وایە، کاتێك کە مرۆڤ ئیدراکی بۆ ئەو شتانەی کە دەیانبینێت جیاوازە لەو شتانەی کە نایانبینێت و بێ ئاگایە لێیان، بۆیە وادەزانێت علیم و زانستی خوای گەورەش هەروایە (معاذ الله)، هەر بۆیە ئەو ئیدراك و علیم و زانستەی مرۆڤ هەیەتی بەوەی بینیویەتی و لەبەرچاوە، بەلایەوە لەپێشــترە لەو عیلم و زانستەی کە خوای گەورە هەیەتی بەداهاتوو لەو کـاتـەی وەحی دابـەزانـدووە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، بێگومان ئەمەش شــیرك و بێباوەڕیە، چونکە وەك ووتمان خوای گەورە ڕابردوو و داهاتووی بەلاوە یەکســانە و عالیم و شــارەزایە بـەهـەردووکیـان، وە هیچ شــتێـك نییـە بـەلای خوای گەورەوە پەنهان و شــاراوە بێت، لەم بارەیەشـــەوە فەرموویەتی: ﴿عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّـــهَادَةِ فَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْـــرِكُونَ﴾[1] واتە: خوای گەورە لە گشـــت نهێنی و نادیار، ئاشــکرا و دیار، زانا و بەئاگایە، جا کەوابوو خوا بەرز و بڵندە، لە سەرووی ئەو شتانەوەیە موشریکان دەیانکەنە شەریك و هاوبەش و هاوتای.

ئـەو حوکمـەی کـە بۆ ئێســتا داویەتی، وەك ئەو حوکمە وایە کە بۆ داهاتوو داویەتی و هیچ جیاوازیان نییە بەلای خـــــــــوای گەورەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿قُلِ اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ

(١) سورەتی المؤمنون: ٩٢

وَالْأَرْضِ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّـــهَادَةِ أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾[١] واته: بڵێ: ئەی خوایە، ئەی بەدیهێنەری ئاســمانەکان و زەوی، ئەی زانای نهێنی و ئاشــکراکان، هەر تۆ دادوەری دەکەیت لە نێوان بەندەکانتدا لەوەی ئەوان تیایدا جیاواز بوون.

هەر خوای گەورە هەقی ئەوەی هەیە کە حوکم بکات لەنێو بەندەکانیدا لەئێســتا و داهاتوودا، چونکە ئەو عالیم و شارەزایە بەوەی ڕوویداوە و بەوەشی کە هێشتا ڕووینەداوە.

لەســەر ئەم بنەمایانەش کە باســمانکردن و ڕوونمان کردنەوە هەرکەســێك شــەریعەتی خوای گەورە بەش بەش بکات، باوەڕی وابێت ئەوەی پەیوەندیی بەدینەوە هەیە مافی خوای گەورەیە تەشریع بۆ بەندەکانی بکات، وە ئەوەشی پەیوەندیی بە دونیاوە هەیە مافی مرۆڤەکانە تەشریع و یاسـای بۆ دابنێن (وەك لیبراڵییەکان) دەیڵێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مافی تەشـریع کردن و یـاســـادانـانی بـەش بـەش کردووە و ئەوەی مافی خوای گەورهیە داویەتی بە مرۆڤەکان، لەکاتێکدا تەشــریع و یاســادانەر لە ئیســلامدا تەنها مافی خوای گەورەیە (جل جلاله)، لەم بـارەیەشـــەوە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ﴾[٢] واتـە: ئـایـا ئێوە چۆن دەکرێـت بـاوەڕتـان بەهەندێك لە (تەورات) هەبێت و بێ باوەڕیش بن بەهەندێکی تر.

بۆیە هەرکەس باوەڕی بەهەندێك لەشـەریعەتی خوای گەورە هەبێت، و باوەڕیشی بەهەندێکی تر نەبێت، بێگومان بێباوەڕ بووە.

خوای گەورە فەرمانی کردووە بەو شــەریعەتەی کە دایبەزاندووە بۆ پێغەمبەرەکەی کە پڕیەتی لـە حیکمـەت و دانـایی حوکم لـەنێوان خـەڵکیدا بکرێت، وەك فەرموویەتی: ﴿وَأَنِ احْكُمْ

(١) سورەتی الزمر: ٤٦
(٢) سورەتی البقرة: ٨٥

بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنْزَلَ اللّهُ إِلَيْكَ﴾[1]
واته: دەبێت هەر بەو بەرنامە لەناو جوولەكە و گاور و خەڵكانی تریشدا حوكم و بڕیار بدەیت كە خوا ناردوویەتی، وە نابێت شوێنی هەوا و ئارەزووی ئەوانە بكەویت و چەواشەت بكەن.
(ئیبن عەباس) دەڵێ: تاقمێ لەزانایانی یەهوود وەك (ئیبن سوریا، كەعب، شاس) كۆبوونەوە و گوتیان: با بچینە لای موحەممەد (ﷺ)، بەڵكو بتوانین لەخشتەی بەرین و فریوی بدەین، چونكە خۆ ئەویش هەر وەك ئێمە ئادەمییە، بچین پێی بڵێین كە: لە فلانە مەسەلەدا پشتگیری لەئێمە بكە، ئەوسا ئێمەیش لەهەندێ شتا پەیڕەوی لەتۆ دەكەین، دیارە خۆیشت چاك دەزانی كە: ئەگەر ئێمە شوێنت بكەوین، هۆزەكانی تریش چاومان لێدەكەن، بەڵێ هەستان و چوونە لای و مەبەستەكانیان لا دركان، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەك بەگوێی نەكردن و نەیانتوانی لەڕێی ڕاست بیترازێنن، بۆیە دواتر دەفەرموێت: هۆشیاربە لەو ڕێنمایانەی خوا بۆی ناردووی، لەڕێگای ڕاست لات نەدەن.

لەم ئایەتەدا مەبەست لەحوكم كردن، حوكم كردنە لەو شتانەی كە خەڵكی لەسەری جیاوازیان دەكەوێتە نێوانەوە، وە مەبەست لە ووشەی (الفتنة) یش كە لەئایەتەكەدا هاتووە، لادان و دەرچوونە لەو حوكمەی كە خوای گەورە ناردوویەتیە خوارەوە.

بەنیسبەت ئەو ئەحكامانەشی كە خوای گەورە بێدەنگ بووە لەزیاتر ڕوونكردنەوەیان، ئەوە زانایان و ئەهلی ئیجتهاد بۆیان هەیە زیاتر ڕوونی بكەنەوە بەڵام بەو مەرجەی لەچوارچێوەی ئەحكامە نەگۆڕەكانی شەرع دەرنەچن و پێچەوانەی ئەوان نەبن.

بەهیچ شێوەیەك نابێت حوكم و بڕیارەكانی خەڵكی كە پێچەوانەی شەریعەتی خوای گەورەن پێش بخرێن بەسەر شەرع و بڕیاری پەروەردگاردا، چونكە ئەگەر بكرێت حوكم و بڕیاری خەڵكی پێش بخرێن بەسەر حوكم و بڕیاری خوای گەورەدا، ئەوە ئەو كاتە سەرجەم

---
[1] سورەتی المائدة: ٤٩

پێغەمبەران ( پەنا بەخوا ) لەو کەســانە دەبوون کە لەهەق و ڕاســتی لایانداوە، چونکە ئەوان هەموویان لەناو گەل و هۆزێکدا گەورە بوون و ژیانیان بەســـەر بردووە و خەریکی دەعوە و بانگەوازی خوا بوون، کە ســـەرجەم ئەو خەڵکانە یان زۆربەیان لەســـەر بەتاڵ و بیروباوەری پڕوپوچ بوون.

# بەشی دەیەم

خوای گـەورە و پەروەردگار ئەندازەگیری و تەقدیراتی سـەرجەم دروسـتکراوەکانی خۆی دیـاری کردووە پێش ئـەوەی دروسـتیان بکات، وە هەموو دروسـتکراوێکیش خەلق کراوە لەسەر قەدەرێك کە پەروەردگار پێش ئەوەی دروستی بکات بۆی دیـاری کـردووە، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَـيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا﴾[1] واتە: هەموو شـتێکی لە نەبوون و (عەدەم)ـەوە دروسکردوو بەدییهێنا، ئەندازەگیری تەواویشی بۆ کرد، هەروەها فـەرموویـەتی: ﴿إِنَّـا كُلَّ شَـيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾[2] واتە: بەڕاسـتی ئێمە هەموو شـتێکمان بـەئـەنـدازەیـەکی دیـاریکراو درووسـتکردووە، هـەروەها دەفەرموێت: ﴿وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَقْـدُورًا﴾[3] واتـە: بـەردەوامیش فەرمان و بڕیاری خوا زۆر بەوردیی پێشـدیٚ و جێبەجێ دەکرێ و هیچ کەسێکیش بۆی نییە دەسکاری بکا و بیگۆڕێت.

خوای گەورە قەدەری خێر و شـەڕی تەقدیر کردووە، لەفەرموودەی صـەحیحدا هاتووە، کە پێغـەمبـەر (ﷺ) فەرموویەتی: (وتُؤمن بالقَدَرِ خَيرهِ وَشَـرِه)[4] واتە: باوەڕت هەبێت بەقەدەر بەخێری و شەڕیەوە.

عیلم و زانیـاری خوای گەورە لازیمی ئەو قەدەرەیە کە تەقدیری کردووە، چونکە تەقدیرەکان دیاری ناکرێت بۆ کەسێك نەبێت کە زانا و عالم بێت پێیان، وە وردەکاری و تەفاصیل و جێگا و ڕێگا و گۆڕانکاری و سـەرەتا و کۆتاییان بۆ کەس ڕوون و ئاشکرا نییە، بۆ ئەو کەسە نەبێت

---

(١) سورەتی الفرقان: ٢

(٢) سورەتی القمر: ٤٩

(٣) سورەتی الاحزاب: ٣٨

(٤) رواه مسلم بەژمارە (٨) لەو فەرموودەیەی کە عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) گێراویەتیەوە.

که خالق و دروستکەریانە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا﴾[1] واتە: بۆ ئەوەی بزانن کە بێگومان خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، بێگومان خوا بەزانست و زانیاری خۆی گەمارۆی هەموو شتێکی داوە و ئاگادارە بەهەموو شتێك، هەروەها فەرموویەتی: ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾[2] واتە: مەگەر خوا نازانێت کێی دروست کردووە و چۆنی دروست کردووە، لەکاتێکدا زۆر وردبین و بە ئاگایە؟

بۆیە هەرکەسێك نەفی قەدەر و تەقدیری خوا بکات، مانای وایە نەفی عیلم و زانستی خوا دەکات، وە هەرکەسێکیش نەفی عیلم و زانستی خوای گەورە بکات مانای ئەوەیە کە نەفی قەدەری خوای کردووە.

ئەندازەگیری و تەقدیری سەرجەم دروستکراوەکان هەر هەمووی لای خوای گەورە لە پەڕوایکدا نووسراونەتەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ﴾[3] واتە: هیچ شتێکمان فەرامۆش نەکردووە لەم کتێبەدا لە (لوح المحفوظ)ـدا، هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ﴾[4] واتە: هەموو شتێکمان لە کتێب و نامەیەکی ئاشکرادا ئامادە و تۆمارکردووە، واتە: لە (لوح المحفوظ)ـدا کە هیچ شتێکی تیا گوم نابێت، هەموو شتێکی بچووك و گەورە، ورد و درشتمان ئەژماردووە.

**دروستکراوەکانیش دوو جۆرن:**

---

(١) سورەتی الطلاق: ١٢

(٢) سورەتی الملك: ١٤

(٣) سورەتی الانعام: ٣٨

(٤) سورەتی یس: ١٢

**یـەکەمیان:** موســـەخەرن و هیچ جۆرە ئیختیار و هەڵبژاردنێکیان بۆ نییە، وەك ئەســـتێرەکان، فەلەك، ئاو و هەوا و هتد...

**دووەمیان:** ئەو دروستکراوانەن کە ویست و ئیختیار و هەڵبژاردنیان بۆ هەیە، وەك مرۆڤەکان و جنۆکـەکـان و فریشـــتـەکـان، خوای گـەورە بـەبێ ویســـت و ئیختیاری خۆیان ژێرباری نەخستوون، بەشێوەیەك ناچاریان بکات بەگوناهـــ کردن و پاشان سزاشیان بدات، وایش نییە کە تەنها بەوسیتی خۆیان بێت و بتوانن لەژێر ئیرادەی خوای گەورە دەربچن و هەموو شتێك بە کار و ئیرادەی خۆیان بێت، نەخێر بەڵکو مەشـیئەت و ویسـتی ئەوان لەژێر مەشـیئەت و ویستی خوای گەورەدایە، وەك فەرموویەتی: ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ * لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَقِيمَ * وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ [١] واتە: ئەم قورئانە تەنها یادخەرەوەیە بۆ ســـەرجـەم دانیشـــتووانی زەوی (بۆ جنۆکە و ئادەمیزاد لەهەموو ســـەردەمەکاندا) * بۆ ئەوانەتان کە دەیانەوێت ڕێبازی ڕاســـت و دروســـت بگرنەبەر * ویســـتی ئێوەش نایەتە دی مەگەر کاتێك خوای پەروەردگاری جیهانیان بیەوێت، (هەرکەس ویستی خێری هەبێت خوای گەورە سـەربەرستیی لێ زەوت ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوە پێش دێت کە ویستی خوای لەسەرە و توانای تێگەیشتنمان لەنهێنی و شاراوەکان زۆر سنووردارە.

دەبـێـت بـزانین هـەر خوای گـەورە خـالقی مرۆڤ و کـاروکردەوەکـانیشـــیـانـە، وەك فـــــەرمـــوویـــەتی: ﴿قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ * وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾[٢] واتە: ئیبراهیمیش گوتی: ئاخۆ ئێوە شـتێ دەپەرستن کە بە دەستی خۆتان ئەیتاشن ؟! * هەم خۆتان و هـەم ئـەو بتـانەی دروســـتیـان دەکـەن لـە دار و بـەرد، خوا بەدییهێناون، واتە: ئەو خوایە دەســـەڵاتـدارێکی وەهـایـە، ئـەگـەر بیـەوێ ناهێڵێ ئێوە هیچ شـــتێ بکەن و هێز و تواناتان

---

(١) سورەتی التكوير: ٢٧ - ٢٩

(٢) سورەتی الصافات: ٩٥ - ٩٦

لێدەســـێنێتەوە. (قورتوبیی) ئەڵێ: (أى والله خلقكم و عملكم، وهذا مذهب أهل الســـنة: أن الأفعـال خلق للـه -عزوجـل- واكتســـاب للعباد، وفي هذا إبطال مذهب القدرية والجبرية). (ئەبووهوریرە) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (أن الله خالق كل صـــانع وصـــنعته)[١] واتە: بێگومان خوا دروستكەری هەموو پیشەسازێك و پیشەكەیەتی.

خوای گەورە هەموو ڕووداوێكی دروســـتكردووە لەگەڵ ئەو شـــتانەیشـــی كە بوونەتە هۆی ڕوودانی ئـەو ڕووداوانـە، ئـەمەش ئەوپەڕی فراوانی عیلم و زانســـت و گەورەیی حیكمەتی خوای گەورە دەگەیەنێت لەبەڕێوەبردنی گەردوون لەســەر دەســتوور و یاســایەكی ووردی بێ وێنە.

لەبەر ئەوە دروســـت نییە ژیری مرۆڤ هەڵوێســـتە بكات لەســـەر باوەڕبوون بەو شـــتانەی كە نـاتوانێـت لێیـان تێبگـات، بـەو مـانـایـەی بیەوێت تێبگات لەحیكمەت و هەقیەقەتی هەموو قـەدەرەكـانی خوای گەورە و میهرەبان، چونكە هەندێك لە تەقدیر و قەدەركانی خوای گەورە هـەیـە كـە ژیری و عەقڵی مرۆڤەكان ناتوانێت دەركیان پێ بكات، چونكە عەقڵی مرۆڤ وەك دەفرێـك وایـە، وە هـەنـدێـك لـەقـەدەركانی خوای گەورە وەك دەریا وان، (ئاشـــكرایە دەفر ناتوانێت ئاوی دەریا لەخۆ بگرێت)، ژیری وعەقڵی مرۆڤیش هەرچەند زیرەك و بەهۆش بێت نـاتوانێـت لەســـەرجەم حیكمەتی قەدەرەكانی خوا تێبگات، ئەگەر زۆریش لەخۆی بكات كە بیەوێت لێی تێبگات ئەوە سەرگەردان دەبێت.

هـەنـدێـك حیكمـەت هەن زۆر بیركردنەوە لێیان تەنها ماندووی و ســـەرگەردانی بەدواوەیە، هـەروەك چۆن زۆر ســـەیركردن و ڕامـان لـەخۆر لـەڕۆژێكی نیوەڕۆدا تـەنهـا مـانـدوویی بۆ خاوەنەكەی دەهێڵێتەوە.

---

(١) أخرجه الحاكم فى الإيمان، وصححه على شرط مسلم.

# بەشی یازدەیەم

مردن هـەق و ڕاســـتە و هەموو کەس دەبێت تامی بچێژێت و پێی بگات، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾[١] واتە: هەموو کەس دەبێت مردن بچێژێـت (کـەی، لـە کویێ، بـەچی، خوا نـەبێت کەس نازانێت)، لەوەودوا تەنها بۆ لای ئێمە دەبرێنەوە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ * وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ﴾[٢] واتە: هـەرچی کـەس لەســـەر زەوی دایە نامێنێ و تیا دەچێت * تەنها زاتی پەروەردگاری خاوەن بڵندی و ڕێزداری تۆیە کە دەمێنێتەوە.

باوەڕ بەو ڕووداوانەشـی کە پاش مردن دێن بەسەر کەسەکاندا لەسزا و خۆشیەکانی ناو گۆڕ، ئەو ڕووداوانەی کە لەقورئان و ســونەتی صــەحیحدا هاتوون، بەشـێکن لەئیمان و باوەڕی مرۆڤ.

- باوەڕ بەزیندووبوونەوە و کۆبوونەوە و یەکگرتنەوەی گیان و جەســتەی مرۆڤەکان:

وەك خوای گـەورە فـەرمـوویـەتی: ﴿وَنُفِخَ فِي الصُّــورِ فَـإِذَا هُمْ مِنَ الْـأَجْـدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنْسِـلُونَ﴾[٣] واتە: هەر کە فوو دەکرێتەوە بە(صـور)ـــدا، ئەوسا کتوپڕ بەپەلە لەگۆڕەکانیان هەموو دێنەدەرێ و دەبرێن بۆ لای دادگای پەروەردگاریان بۆ وەرگرتنەوەی پاداشت و تۆڵە.

هەرکەس گومانی هەبێت لەم مەسئەلەیە، ئەوە بێباوەڕ و کافر بووە، خوای گەورە لەم بارەیەوە فـەرموویەتی: ﴿وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا أَفَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَاسْــتَكْبَرْتُمْ وَكُنْتُمْ قَوْمًا

---

([١]) سورەتی العنكبوت: ٥٧.

([٢]) سورەتی الرحمن: ٢٦-٢٧

([٣]) سورەتی يس: ٥١.

مُجْرِمِينَ * وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ اللهِ حَقٌّ وَالسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُمْ مَا نَدْرِي مَا السَّاعَةُ إِنْ نَظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ﴾[١] واته: بەڵام ئەوانەی کە بێ بڕوا و کافر بوون پێیان دەوترێت باشە، ئێوە ئایەتەکانی منتان بەسەردا دەخوێنرایەوە؟! کەچی خۆتان بەگەورە و زل دەزانی، بەڕاستی ئێوە هۆزێکی تاوانبار و تاوانکار بوون * وەکاتێ بگوترابا کە بەڵێنی خوا - بە جەزای قیامەت - هەق و ڕاستە، قیامەتیش هیچ گومانی تێدا نییە، ئەتانوت نازانین قیامەت چیە! دڵنیانین بە هاتنی، ئێمە تەنها گومانێکمان هەیە بۆ هاتنی، ئەویش بەدەم ئەم و ئەوەوە ئەبیستین ئەڵێن قیامەتێك دێت، ئێمە هەر گومان دەبەین و دڵنیا نین.

خۆ ئەوەی ئینکاری زیندووبوونەوە و هاتنی ڕۆژی دوایی بکات، ئەوە بێگومان بێباوەڕ بووە، وەك لەقورئاندا هاتووە: ﴿بَلْ كَذَّبُوا بِالسَّاعَةِ وَأَعْتَدْنَا لِمَنْ كَذَّبَ بِالسَّاعَةِ سَعِيرًا﴾[٢] واتە: ئەوانە هیچ هۆیەك نییە بۆ نکوڵی و ململانێیان، ئەوە نەبێت کە هەر ڕۆژی قیامەتیان بەدرۆ داناوە، ئێمەش ئاگرێکی سووتێنەری بڵێسەدارمان ئامادە کردووە بۆ هەرکەسێك قیامەت بەدرۆ دادەنێ.

- باوەڕبوون بە لێپرسینەوەی بەندەکان: بەشێکی تر لەو باوەڕ و ئیمانەی کە خوای گەورە داوای کردووە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ﴾[٣] واتە: ڕۆژی قیامەت ئێمە تەرازووی دادپەروەری دائەنێین و کردەوەکانیانی پێ ئەکێشین، ئەوسا هیچ کەسێك کەمترین ستەمی لێناکرێ چ لەچاککاران و چ لە خراپکاران، تەنانەت ئەگەر کردەوەکانیان بەئەندازەی سەنگی دەنکە خەرتەلەیەکیش بێت، ئێمە ئەیهێنین و ئامادەی ئەکەین، وە ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە کە بەوردی ژمێریاری کردەوەکانیان بین.

---

(١) سورەتی الجاثية: ٣١ - ٣٢

(٢) سورەتی الفرقان: ١١

(٣) سورەتی الانبياء: ٤٧

• باوەڕ بە پاداشتدانەوە و سزا لێسەندنەوە، وە باوەڕ بە بەهەشت و دۆزەخ، بەشێکی ترە لەبیروباوەڕی مرۆڤی باوەڕدار: وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُوا فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ﴾[1] واتە: جا ئەوانەی بەدبەخت وچارە ڕەش بوون، ئەوە لەناو ئاگردان، هەناسە هەڵمژین و هەناسە دانەوەیان زۆر سەخت و دژوارە.

وە فەرموویەتی: ﴿وَأَمَّا الَّذِينَ سُعِدُوا فَفِي الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا﴾[2] واتە: ئەوانەیشیان کامەران و بەختەوەرن، ئەوە لە بەهەشتدان، بە هەتاهەتایی تیایدا دەمێننەوە.

بێباوەڕان لەئاگری دۆزەخدان، وە باوەڕدارانیش لەبەهەشتی نەبڕاوەدان، وەك فەرموویەتی: ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ * وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾[3] واتە: جا ئەوانەی بێ باوەڕ بوون سزای توندوتیژیان دەدەم لە دنیادا (بە شکستی و سەرشۆڕیان)، لە قیامەتیشدا (بە ژیانی سەختی ناو دۆزەخ)، جا لەوێ کەسیان دەست ناکەوێت کە یاریدەدەر و پشتیوانیان بێت * ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە و کاروکردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، ئەوە خوا بەتەواوی پاداشتیان دەداتەوە، بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆشناوێت.

• باوەڕبوون بەسەرجەم ئەو شتانەی کە بە دەقی قورئان و سوننەت باسکراون لەبارەی ڕۆژی دواییەوە واجبە لەسەر هەموو باوەڕدارێك، وەك باوەڕبوون بەپردی صراط و تەرازووی کێشانی چاکە و خراپە و حەوز و بڵاوکردنەوەی نامەی کردەوە چاك و خراپەکان، هەر هەموو ئەمانە لەڕوکنەکانی باوەڕن.

---

(1) سورەتی هود: ١٠٦

(2) سورەتی هود: ١٠٨

(3) سورەتی ال عمران: ٥٦ - ٥٧

# بەشی دوازدەیەم

دەستگرتن بەکۆمەڵ و جەماعەتی موسڵمانان و لەگەڵ بوونیان، واجبە و پێویستی سەرشانی هەموو باوەڕدارێکە، کۆمەڵ و جەماعەتیش بەبێ پێشەوا و سەرکردەیەك بەدی نایەت.

گوێڕایەڵی و طاعەتی پێشەوا و سەرکردەی موسڵمانیش بەندە بە گوێڕایەڵی و طاعەتی خوای گەورەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾[1] واتە: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە لەهەموو کاروبارێکدا گوێڕایەڵیی فەرمانی خوا و پێغەمبەر بن، وە بەرفەرمانی کاربەدەستان و کارسازانی خۆتان بن، واتە: بەقسەی ئەو کاربەدەست و زانایانە بکەن کە لەخۆتانبن.

واتە: لەچوارچێوەی شەریعەتدا گوێڕایەڵی پێشەوا و سەرکردە موسڵمانەکان بن.

پێشەوایەتی کردنی کەسی بێباوەڕ بەسەر موسڵمان و پێدانی بەیعەت پێی دروست نییە، وە گوێڕایەڵیکردنیشی واجب نییە، بەوە نەبێت کە دینی خەڵکی پێی ڕاست و دروست بێت، نەك دونیایان.

ئەگەر هاتوو پێشەوای موسڵمانان زانا و عالیم نەبوو، ئەوە دەبێت ڕاوێژکارێکی زانا و عالیمی هەبێت، بۆ ئەوەی دین و دونیای خەڵکی ڕاست و دروست بێت و لەسەر بنەمای زانستی بڕیارەکانی بدات، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ﴾[2] واتە: (لێرەدا خوا ڕەخنە دەگرێت لە هەندێك ئیمانداران) هەرکاتێك هەواڵێکیان بۆ بێت دەربارەی

---

(١) سورەتی النساء: ٥٩

(٢) سورەتی النساء: ٨٣

ئاسایش و هێمنایەتی، یاخود ترس و بیم، بڵاوی دەکەنەوە (بیر لە سەرئەنجام ناکەنەوە)، خۆ ئەگەر ئەو هەواڵەیان بڵاو نەکردایەتەوە و بیانگێڕایەتەوە بۆلای خوا و پێغەمبەر (ﷺ) و فەرمانڕەواکانیان، ئەوە ئەوانەی کە لە نهێنی هەواڵەکان تێدەگەن و دەکۆڵنەوە، نهێنی و ڕازەکانیان لێ دەردەهێنا.

بێگومان ئەوەشی زانا و دانا بێت توانای ئەوەی هەیە کە ڕاز و مەبەستە شاراوەکان لەڕووداوەکان دەربهێنن.

وە دروست نییە دەرچوون لەفەرمان و بڕیاری پێشەوای موسڵمانان، وە نابێت ململانێی دەسەڵات و فەرمانەکانی بیت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئارام بگریت لەسەریان ئەگەر هەندێك فەرمان و بڕیاریشت بەدڵ نەبێت، مادام کوفر و بێباوەڕیەکی ئاشکرا و ڕوونت لێ نەبینین.

لەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە، کە ئوم سەلەمە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إنه يستعمل عليكم أُمراء فتعرفون وتنكرون، فمن كره فقد برئَ، ومن أنكر فقد سلم، ولكن من رضي وتابع، قالوا: يا رسول الله، ألا نقاتلهم؟ قال: لا، ما أقاموا فيكم الصلاة)[1] واتە: هەندێك پێشەوا و کاربەدەست دادەنرێن بەسەرتانەوە هەندێکیان دەناسن و هەندێکی تریشیان ناناسن، هەرکەس شتێکی خراپی لێ بینین و بەدڵ ڕقی لێی بوویەوە، ئەوە ذیمەتی خۆی پاککردووەتەوە، وە هەرکەسیش بەزمانی ڕێگری لێ کردن، ئەوە باوەڕی سەلامەت بووە، بەڵام ئەوەی ڕازی بوو پێی و شوێنیشی کەوت، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لەگەڵیاندا بجەنگین؟ فەرمووی: نەخێر، مادام لەناوتاندا نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن.

ئامۆژگاری پێشەوای موسڵمانیش دەبێت زۆر بەحیکمەت و دانایی بێت، بەشێوەیەك ئەو خراپەیە نەهێڵێت، یان کەمتری بکەیتەوە، ئەوەیش بەجۆرێك کە دڵی خەڵکی ناحەزیان پێی

---

(١) رواه مسلم (١٨٥٤).

خۆش نەکەیت. لەفەرموودەی صەحیحیشدا هاتووە، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (الدين النصيحة، قلنا: لمن يا رسول الله؟ قال: لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم)[١] واتە: دینی ئیسلام هەمووی ئامۆژگاریە، ووتیان بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ئامۆژگاری بۆ خوای گەورە، بۆ کتێبەکەی خوا، بۆ پێغەمبەرەکەی، وە بۆ پێشەوای موسڵمانان، وە بۆ باوەڕداران بەگشتی.

وە دروست نییە بۆ موسڵمان شوێن نهێنییەکانی پێشەوا و کاربەدەستی موسڵمان بکەوێت، یان کاتێك هەڵەیەکی تایبەت بەخۆی لێ بینی سووکی بکات لەناو خەڵکیدا، وە نابێت نەنگی و عەیب و عار و گوناهەکانی بڵاو بکاتەوە، بەپێچەوانەوە دەبێت بچێتە لای و دوو بەدوو ئامۆژگاری بکات، بۆ ئەوەی بزانێت کەسانێك هەن دڵسۆزی دین و وڵاتیانن.

وە ئەگەر هاتوو پێشەوا و سەرکردەکان خراپەیەکیان بۆ خەڵکی کرد بەیاسا و بڵاویشیان کردەوە، لەم کاتەدا ئەگەر زانیت ئامۆژگاری دوو بەدوو سوودی دەبێت و ئەو سەرکردەیە گوێت بۆ دەگرێت و دەگەڕێتەوە لەو تاوان و گوناهە، ئەوە پێویستە دوو بەدوو ئامۆژگاری ئەو سەرکردەیە بکرێت، بەڵام ئەگەر زانیت ئامۆژگاری دوو بەدوو سوودی نابێت ئەوە دەبێت خەڵکی لەو خراپە و تاوانە ئاگادار بکرێنەوە، چونکە لەم کاتەدا ئامۆژگاریکردنی خەڵکی واجبە و هەقی دینی ئەو کەسە و دینی خەڵکەکەشە، بۆ ئەوەی شەریعەتی ئیسلام نەگۆڕرێت بەشتێکی تر و دینی خەڵکیش پارێزراو بێت، ئەمەش ئەو ئامۆژگاریەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەفەرموودەکەدا فەرمووی: ئامۆژگاری بۆ خوای گەورە، بۆ کتێبەکەی خوا، بۆ پێغەمبەرەکەی، وە بۆ پێشەوای موسڵمانان، وە بۆ باوەڕداران بەگشتی.

چونکە ئەم هەق و مافانە لەپێشترە لەهەقی غەیری خۆیان.

نابێت کەسی زانا خۆی دوور بگرێت لەکاروباری خەڵك و بەرژەوەندیەکانیان، وە

---

[١] رواه مسلم (٥٥).

دونیانەویستی کەسی زانا کاتێك سوپاسکراو و شتێکی باشە ئەگەر ئەو دونیا نەویستییە ڕووبەرووی بەشی نەفسی خۆی بێت و لەسەر حسابی خەڵکی نەبێت، بەڵام دونیا نەویستی کەسی زانا لەبەشە دونیای خەڵك کارێکی سوپاسکراو و باش نییە، جا با کەسی زانا پشتگیری ستەم لێکراو بکات و یارمەتی بدات با بەتاکە درهەمێکیش بێت، با کەسی زانا داوای خواردن و خۆراك بکات لەخەڵکی بۆ پیاوی برسی، با بەلەتە خورمایەکیش بێت، چونکە زانا باڵادەستە و دەسەڵاتدارە، وە چاکبونی دونیای ئەم خەڵکە دەرگایەکە بۆچاکبونی ئاینەکەیان، بۆیە پێغەمبەری خودا (ﷺ) تەماشای گەنجینەکانی دونیای نەکردوە و چاوی لێ نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا لەبەخاتری چەند دینار و پارەیەکی کەمی ئەوان پشتگیری و دیفاعی لەبەریرە و ئافرەتانی تر دەکرد (بەریرە ئافرەتێکی زوڵم لێکراو بوو)، پێغەمبەری خودا (ﷺ) زۆر جار بۆ ئەم مەبەستە وتاری بەسەر خەڵکدا دەخوێندەوە.

# بەشی سیازدەیەم

جیهاد و تێکۆشـــان هەتا ڕۆژی دوایی هەر دەمێنێت و بەردەوامیش دەبێت، تا ئەو ڕۆژەش کە حوکمی قورئان لەســـەر زەویدا بمێنێت، جیهاد و تێکۆشــــانیش هەربەدەوامە و حوکمەکەی ناسڕێتەوە و هەڵناگیرێت. لەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە کە جابری کوڕی عەبدوڵا (خوای لێ ڕازی بێـت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ)[١] واتە: هەمیشــە کۆمەڵێك لەئومەتەکەم لەســـەر هەق و ڕاستی لەگەڵ بێباوەڕاندا دەجەنگن و دیار و ئاشکران بۆ خەڵکی، هەتا ڕۆژی دوایی.

بۆ جیهـادی بەرگری لەخۆکردن مۆڵەت وەرگرتن لە ئیمام و پێشــەوای موســڵمانان بەمەرج نـەگیراوە، هەروەها نیەتهێنانیش بەمەرج نەگیراوە، ئەوە نەبێت نیەتی لابردنی ئەزیەت و ئازار لەسـەر موسڵمانانت هەبێت، جیهاد و تێکۆشان واجبە ئەگەرچی بۆ بەرگری کردنیش بێت لە شــەرەف و ناموس، یان لە گیان و ڕۆح، یان لەماڵ و ســـامانی خۆت و خەڵکی تریش. لە ســـونەندا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (من قتل دون ماله فهو شــهيد، ومن قتل دون أهله فهو شـهيد، أو دون دمه، أو دون دينه فهو شهيد)[٢] واتە: هەرکەس لەپێناو بەرگری کردن لەماڵ و سامانی بکوژرێت ئەوە شەهیدە، وە هەرکەس لەپێناو بەرگری کردن لەخێزان و منداڵەکانی بکوژرێت ئەوە شەهیدە، وە هەرکەس لەپێناو بەرگری کردن لـــــــــەخوێن، وە بەرگری کردن لەدین و ئاینی بکوژرێت ئەوە شەهیدە.

ئەم فـــەرموودەیـە لەهەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمشدا هاتووە [٣].

---

(١) رواه مسلم (١٥٦).

(٢) رواه أبو داود من حديث سعيد بن زيد (رضي الله عنه) (٤٧٧٢) والترمذي (١٤٢١) والنسائي (٤٠٩٥) وابن ماجه (٢٥٨٠) قال الترمذي هذا حديث حسن صحيح.

(٣) صحيح البخاري (٢٣٤٨) و صحيح مسلم (١٤١) من حديث عبدالله بن عمرو.

واجبە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو کەسەی دەستدرێژی دەکاتە سەر شەرەف و نامووس و ماڵ و سامان و گیانت، جا ئەو کەسە بێباوەڕێك یان موسڵمانێکیش بێت. لە سونەنی نەسائیدا هاتووە، قابوس لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە، کە ووتی: جاءَ رجلٌ إلى النبي (ﷺ) فَقَالَ: الرجُلُ يَأتيني يُريدُ مالي؟ قالَ: (ذَكرهُ بالله)، قَالَ: فإن لم يذكر؟ قالَ: (فاستعن عليه من حولَكَ مِنَ المسلمينَ)، قالَ: فإنْ لم يَكُنْ حولي أحدٌ منَ المسلمينَ؟ قالَ: (فاستَعِنْ عليهِ السُلطان)، قال: فإنْ نأى السَّلطانُ عَنّي؟ قالَ: (قاتِلْ دَونَ مالِكَ، حتّى تَكونَ من شهداءِ الآخرةِ، أو تَمنَعْ مالَكَ).[١] واتە: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێی ووت: ئەگەر کەسێك هات بۆم و ماڵەکەمی دەویست (واتە هێرشی کردە سەرم بۆ ماڵەکەم)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خوای گەورەی بخەرەوە یاد، ئەمجا پیاوەکە ووتی: ئەی ئەگەر خوای بیرنەکەوتەوە و لەخوا نەترسا؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: داوای یارمەتی لەو موسڵمانانە بکە بەدەوروبەرتدان، ئەمجا ئەو پیاوە ووتی: ئەگەر هیچ کەسێکم لەموسڵمانان بەدەوردا نەبوو؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: داوای یارمەتی لەکاربەدەستان بکە، ئەمجا ئەو پیاوە وتیەوە: ئەگەر کاربەدەستان نەهاتن بەدەممەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەپێناو ماڵەکەتدا بجەنگە و بەرگری لێ بکە، یان دەبیتە یەکێك لەشەهیدەکانی ڕۆژی دوایی یان ماڵەکەت دەپارێزیت.

ئەو کەسەی کە لەپێناو خوای گەورەدا تێدەکۆشێت و جیهادی هێرش (طلب) دەکات، دەبێت تەنها نیەتی بەرزکردنەوە و شکۆمەندی وشەی (الله) بێت. لەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە: عن أبي موسى الأشعري رضي الله عنه قال: قال أن رجلاً أعرابياً أتىَ النبيَ (ﷺ) فقال يارسول الله: الرجل يقاتل للمغنم، والرجل يقاتل ليذكر، والرجل يقاتل ليرى مكانه، من في سبيل الله؟ فقال رسول الله (ﷺ): (من قاتل لتكون كلمة الله أعلى فهو في سبيل الله)[٢] واتە: پیاوێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ووتی: ئەی

---

(١) رواه النسائي (٤٠٨١) وابن أبي شيبة (٢٨٠٤٣) وأحمد (٢٢٥١٤) والطبراني في الكبير (٣١٣/٢٠).

(٢) رواه البخاري (١٢٣، ٢٦٥٥) وصحيح مسلم (١٩٠٤).

پیغەمبەری خوا، ئەو پیاوەی لەبەر بەدەستهێنانی غەنیمەت دەجەنگێ، وە ئەو پیاوەی لەبەر ناو شۆرەت دەجەنگێ، وە ئەو پیاوەی لەبەر پلەوپایە و مەکانەت دەجەنگێ، کام لەمانە لەپێناو خوادان؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو کەسەی لەبەر ئەوە بجەنگێ کە وشەی (الله) بەرز و شکۆمەند بێت، ئەوە ئەو کەسەیە لەپێناو خوادا دەجەنگێ.

وە دەبێت لەکاتی جهاد و تێکۆشاندا گوێڕایەڵی پێشەوا و سەرکەردەی موسڵمانان بیت و لەقسەیان دەرنەچیت، دەبێت فەرمانەکانی گوێی لێ بگیرێت و جێبەجێش بکرێت بەمەرجێ سەرپێچی خوای گەورەیان تێدا نەبێت. لەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە: قال (ﷺ): (من أطاعَني فَقَدْ أطاعَ الله، وَمنْ عَصاني فَقَدْ عَصَى الله، وَمَنْ أطاعَ أميري فَقَدْ أطاعَني، وَمَنْ عَصى أميري فَقَد عَصَاني) [١] واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەس گوێڕایەڵیم بکات، ئەوە گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە، وە هەرکەس سەرپێچیم بکات، ئەوە سەرپێچی خوای گەورەی کردووە، وە هەر کەسێك گوێرایەڵی سەرکردەیەك بکات من دیاریم کردبێت، ئەوە گوێرایەڵی منی کردووە، وە هەرکەس سەرپێچی کاربەدەستێکم بکات ئەوە سەرپێچی منی کردووە.

---

(١) رواه البخاري (٦٧١٨) ومسلم (١٨٣٥) من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

# بەشی چواردەیەم

ئەو کەسـەی ئەهلی قیبلە بێت ئێمە بە ئەنجامدانی گوناهــــ و تاوان کافر و بێباوەڕی ناکەین، بەکوفرکردن نەبێت.

ئەو شـتانەی کە کوفر و بێباوەڕییە: بۆ نموونە وەك جنێودان و قسـە وتن بەخوای گەورە (الله).

جنێودان بەخوا لەشـیرك و هاوەڵدانان گەورەترە، چونکە کەسـی موشـریك و هاوەڵ بڕیاردەر خوای گـەورە نـاهێنێتـە خوار بۆ ئاسـتی بەردێك یان دارێك، بەڵکو بەردێك یان دارێك بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسـتی پلەوپایەی خوا (الله جل جلاله)، وەك خوای گەورە فەرمـــــوویەتی: ﴿تَاللَّهِ إِنْ كُنَّا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ * إِذْ نُسَوِّيكُمْ بِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾[١] واتە: سـوێند بەخوا ئێمە لەدونیادا لەسـەر لێشـێواوییەکی ئاشـکرادابووین، بۆیە وا ئێسـتایش ئـاوامـان بـەسـەر هـات * کاتێك کە ئێوەمان دەبردە ڕیزی پەروەردگاری جیهانیانەوە و یەکسانمان دەکردن لەگەڵیدا.

هەرکەسـێکیش جنێو بەخوا بدات و قسـەی پێ بڵێ ئەوە مانای وایە ئەو کەسـە لای خۆی و بەبیروباوەڕی خۆی پەروەردگاری هێناوەتە خوار بۆ ئاسـتی کەمتر لەئاسـت ئەو بەرد و دارەی کە بتەکانی لێ دەتاشران، لەبەر ئەم هۆیە جنێودان بەخوای گەورە لەگوناهی شیرك و هاوەڵ بڕیاردان گەورەترە.

بۆیـە جنێودان بەذاتی هەق تەعالای خوای گەورە کوفر و بێباوەڕیەکی یەکجار گەورەیە، کوفر و بێبـاوەڕیش کـەم و زیاد دەکات، هەروەك چۆن ئیمان و باوەڕ کەم و زیاد دەکات،

---

(١) سورەتی الشعراء: ٩٧ - ٩٨

وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ﴾[١] واتە: بەڕاستی دواخستن و دەستكاری كردنی ئەو مانگانەی كە جەنگ تیایاندا حەرامە، بۆ كاتێكی تر؛ سەركەشی و ڕۆچونێكی زیاترە لە كوفر و خوانەناسیدا.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَنْ تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الضَّالُّونَ﴾[٢] واتە: بەڕاستی ئەوانەی دوای باوەڕ هێنانیان كافر بوون و لەوەودوا زیاتر ڕۆچوون لە كوفر و بێ دینیدا، ئەوانە پەشیمانی و تەوبەیان هەرگیز لێ وەرناگیرێت، ئا ئەوانە دەستەی گومڕا و سەر لێشێواوەكانن.

دەبێت بزانین زیاد و كەمكردنی كوفر و بێباوەڕی، نابێتە هۆی دەرچوونیان لەئاگر، بەڵام دەبێتە هۆی توندكردنی سزا و سووككردنیان، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللهِ زِدْنَاهُمْ عَذَابًا فَوْقَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُوا يُفْسِدُونَ﴾[٣] واتە: ئەوانەی كە بێ باوەڕ بوون و بەربەستیان دەخستە سەر ڕێبازی خوا و كۆسپیان دادەنا لە بەردەم ئاینی خوادا، سزامان لەسەریەك بۆ كەڵەكە كردن، بەهۆی ئەوەی كە زۆر هەوڵ و كۆششیان دەدا بۆ بڵاوكردنەوەی فەساد و تاوان و خراپە لەناو خەڵكیدا.

شاهیدی چوونە بەهەشت یان دۆزەخ بۆ هیچ كەسێك بەدیاری كراوی نادەین، بۆ ئەو كەسانە نەبێت كە خوا و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) شاهیدیان بۆ دابن، (واتە: شاهیدی نادەین كە فڵانە كەس ئەهلی بەهەشتە، یان فڵانە كەس ئەهلی دۆزەخە)، وە شاهیدی ئەوە دەدەین هەركەسێك لەسەر بیروباوەڕی ڕاست و دروست مرد، ئەوا لەئەهلی بەهەشتە، وە هەركەسێكیش لەسەر كوفر و بێباوەڕی مرد ئەوا ئەهلی دۆزەخە (خوا پەنامان بدات).

---

(١) سورەتی التوبة: ٣٧

(٢) سورەتی ال عمران: ٩٠

(٣) سورەتی النحل: ٨

# بەشی پازدەیەم

**هەقیقەتی چەمکی ئازادی لەئیسلامدا:** بریتیە لەوازهێنان لەپەرستنی هەموو شــتێك جگە لـەپەرســتنی خوای گەورە و میهرەبان، بەڵام بەداخەوە هەندێك كەس كە چەمكی ئازادی بەوە لەیەك دەدەنەوە مرۆڤ لەژێر فەرمان و ڕێگری هیچ كەسێكدا نەبێت، بەفەرمانەكانی خوای گەورەشـەوە، دەرچوون لەفەرمانەكانی خوای پەروەردگار هیچ شتێك نییە بتپەرستی دەروون و پەرستنی هەواو و ئارەزوو نەبێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُ هَوَاهُ وَأَضَــلَّهُ اللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَــمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَنْ يَهْدِيهِ مِنْ بَعْدِ اللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾(١) واتە: ئایا تۆ ئەو كەسـەت دیوە كە هەوا و ئارەزووی خۆی دەكردە خوا و دەیپەرســت، (واتە: هەركەسـێك لەباتی پەیڕەوی لە ئایینی خوای بەهەق شــوێنی هەوا و هەوەســی خۆی بكەوێ، كافر و بێ باوەڕە)، بەهۆی ئەوەوە خوایش گومڕای كردووە كە زانیوێتی شـایەنی ئەوەیە، وە مۆریشــی بەســەر گوێ و دڵیدا ناوە، هیچ خێر و بیرێكیان تێناچێت و پەردەیەكیشی بەســـــــەر چاویدا هێنـــاوە، جـا ئیتر كێ هـەیـە جگـە لـەخوا هیـدایـەت و ڕێنمووی بكـات، ئـایـا ئیتر بیر ناكانەوە و ئامۆژگاری وەرناگرن.

وە هەركەسـێك ئەو هەقەی بەخۆیدا كە بەخەڵكی ڕەوا ببینێت، هەركات و لەهەرشـوێنێك هەرچیان دەوێت بیكەن و بیڵێن، ئەوا ئەو كەســە دانی بەوەداناوە كە هەواو و ئارەزوو و شــەیتانەكەی خۆی بپەرســتێت، ئەبێت ئەوە بزانین مرۆڤ بۆ ئەوە دروســتكراوە كە بەندە بێـت و بـەنـدایـەتی بكات، ئەگەر هاتوو بەندایەتی خوای گەورەی نەكرد، بێگومان دەبێتە بەندە و عەبدی غەیری خوا، ئیتر یان دەبێتە بەندەی مرۆڤێك یان بیروباوەڕێكی دەستكردی

(١) سورەتی الجاثیە: ٢٣

مرۆڤەكان، یان دەبێتە بەندەی هەوا و و ئارەزووەكانی خۆی.

ئەگەر بهاتایە تەنها تاكە كەسێك هەبوایە لەسەر ڕووی زەوی، خوای گەورە سزا و سنوورکانی كوشتن و تۆمەت دانە پاڵ و زینا و بێڕەوشتیی لەسەر فەرز نەدەكرد، هەروەها واجب نەبوو لەسەری چاوی دابخات لەئاست عەوەرت، وە زینا و خواردنی سوود و حەرامكراوەكانی تری لەسەر حەرام و قەدەغە نەدەكرد، بەڵام هەموو ئەمانەی لەسەر فەرزكردووە لەبەر ئەوەی خەڵكی تری وەك خۆی لەگەڵدا دەژین، جا كەوابوو هەركاتێك كەسەكان لەگەڵیدا زیاتر بوون ڕێكخەرەكانیش لەسەری وردتر دەبن، بۆ نموونە ئەگەر بهاتایە لەناو ئەستێرە و مەجەڕەكانی تردا تەنها مانگ هەبوایە ئەوە پێویستی بەوە نەدەكرد كە خوای گەورە هێندە بەوردی ئەو خولەگەیەی بۆ دیاری بكات كە بسوڕێتەوە تیایدا، بەڵام مادام لەگەڵ مانگدا ڕۆژ و سەرجەم ئەستێرەكانی تر هەن، خوای گەورە یاسایەكی وردی بۆ دیاری كردوون؛ تاوەكو زۆر بەڕێكوپێكی و بێ ئەوەی بەریەك بكەون هەردانەیەكیان لەخولگەیەكی دیاریكراوی خۆیاندا زۆر بەوردی بسوڕێنەوە، تا ژمارەی ئەستێرەكانیش زیاتر بن پێویستیان بەڕێكخەر و یاسایەكی وردتر هەیە.

خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ [1] واتە: خوای گەورە ڕۆژ بەشەو دائەپۆشێ، ڕۆژیش بە پەلە دەكەوێتە شوێنی شەو، پەروەردگارتان خۆر و مانگ و گشت ئەستێرەكانی دروستكرد، ئاگادار بن و بزانن و تێفكرن كە هەرچی دروستكردن و بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە، موبارەك و پیرۆز و گەورەیە زاتی (الله) پەروەردگاری جیهانیان.

---

(١) سورەتی الاعراف: ٥٤

هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَا الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾[١] واتە: نە خۆر بۆی هەیە بە مانگ بگات (لە هێڵ و ڕێڕەوی خۆی دەربچێت)، نە شەویش پێش ڕۆژ دەکەوێت، بەڵکو هەریەکەیان لەخولگەی تایبەتی خۆیاندا مەلە دەکەن و بەئاسانی دەسوڕێنەوە.

بێگومان حوکمەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ئەوە هاتوون کاروبارەکانی دین و دونیامان بۆ ڕێك بخەن، جا بۆیە هەرکەسێك ڕێگای بەخۆی دا کە سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە بکات، بەڕاستی شایانی ئەوەیە کە خوای گەورە سزای بدات.

خوای گەورە خۆی ڕازی بووە کە بەندەکانی موسڵمان بن و ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینیان بێت، وەك فەرموویەتی: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾[٢] واتە: لەئەمڕۆوە بەرنامە و ئایینەکەتانم تەواوکرد، وە نیعمەت و بەخششی خۆمم بۆ تەواوکردن، سەرم خستن بەسەر دوژمنەکانتانا، وە ڕێنماییم کردن بۆ ڕێگەی ڕاست، ئیتر نەپێویستیتان بەپێغەمبەرێکی تر هەیە و نە بەقورئانێکی دیکە، ئیسلامیشم بەبەرنامە و ئایین بۆ هەڵبژاردن و نابێت هیچ کاتێك لێی لابدەن.

دەرچوونیش لەئیسلام وەرگەڕان و (مورتەد) بوونەوەیە، هەرکەسێکیش لەدین وەرگەڕا ئەوە بێباوەڕ بووە، وە هەرچی کاروکردەوەی چاکیشی هەیە بەبا دەڕوات و پووچەڵ دەبێتەوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[٣] واتە: هەرکەسێکتان لەئاینی خۆی (ئیسلام) پاشگەز بێتەوە و بەکافریش بمرێت، ئەوانە

---

(١) سورەتی یس: ٤٠

(٢) سورەتی المائدة: ٣

(٣) سورەتی البقرة: ٢١٧

کە بەکافری دەمرن کار و کردەوەیان لەهەردوو دونیا بەفیڕۆ دەڕوات، لەم دونیایەدا لەخێروبێری ئیسلام بێ بەش ئەبن و مامەڵەی بێ بڕواییان لەگەڵ دەکرێت، لەڕۆژی دواییشدا هیچ پاداشتێکی خێریان نابێت و دەبنە هاوەڵ و هاوڕێی دۆزەخ و بەهەتاهەتایش لەوێ ئەمێننەوە.

لەفەرموودەی صەحیحیشیدا هاتووە، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ بَدَلَ دينَهُ فَاقْتُلُوهُ)[1] واتە: هەرکەسێك دینەکەی خۆی گۆڕی و لەئیسلام پاشگەز بوویەوە ئەوا بیکوژن.

بەندایەتی کردن و (عبودیەت) بۆ خوای گەورە (الله جل جلاله) مەبەستی هەموو دروستکراوەکان و ئەوەی هەیە لەبوونەوەردا، هەرکەسێك ڕێگا بەخۆی بدات کە لەبەندایەتی خوای گەورە دەربچێت و یاخی بێت لێی، ئەوا باوەڕی بەو مەبەستە نییە کە لەپێناویدا خەلق بووە و دروستکراوە بۆی، کەسی وا هەیە ڕێگا بەخۆی نادات و بەلایەوە دروست نییە کە لەیاساکانی وڵات و حکومەت لابدات، کەچی زۆر ئاساییە بەلایەوە لە بەندایەتی خوای گەورە لابدات و یاخی ببێت لێی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دانانێکی شاراوەیە بەلاوازی مەبەستی هاتنە بوونی خۆی، یان نەهێشتنیەتی لەدڵ و دەروونیدا، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[2] واتە: بێگومان من جنۆکە و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن.

ئەو ذاتەی کە مرۆڤ و جنۆکەی لەم دونیایەدا بۆ بەندایەتی خۆی دروست کردبێت، بێگومان لەدوارِۆژیشدا زیندوویان دەکاتەوە بۆ سزا و پاداشتدانەوە.

---

(١) رواه البخاري (٢٨٥٤) من حديث ابن عباس (رضي الله عنهما).

(٢) سورەتی الذاريات: ٥٦

لەکۆتاییدا: صـەڵات و سـەلام لەسـەر محمد المصطفى و ئالوبەیت و یار و یاوەران و شوێنکەوتوانی بێت هەتا هەتایە.

# پێڕستی بابەتەکان


| لاپەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| ٥ | پێشەکی |
| ١٠ | بەشی یەکەم: ئیسلام ئاینی سەرجەم پێغەمبەرانە و ئەو ئاینەیە کە هەر دەمێنێتەوە و پارێزراوە. |
| ١٥ | بەشی دووەم: ئەوەی لەقورئاندا هاتووە دەبێت بە لێکدانەوەی سوونەت و هاوەڵە بەرێزەکان و قیاسی صەحیح بێت. |
| ١٩ | بەشی سێهەم: مافەکانی خوای گەورە بەسەر بەندەکانیەوە، ئاگریش بۆ هاوەڵ بڕیاردەرانە... |
| ٢٢ | بەشی چوارەم: دەربارەی ئیمان و کوفر و دووڕوویی. |
| ٣١ | بەشی پێنجەم: دەربارەی هەقیقەتی ئیمان، کە کەم وزیاد دەکات. |
| ٣٦ | بەشی شەشەم: دەربارەی ناو و صیفەتە پیرۆزەکانی خوای گەورە لەنێوان جێگیرکردن و نەفیکردندا. |
| ٤٢ | بەشی حەوتەم: دەربارەی کەلامی خوای گەورە و قورئان کە بەشێکە لێی. |
| ٤٧ | بەشی هەشتەم: دەربارەی پەیوەندی نێوان عەقڵ و نەقڵ ( ژیری و قورئان و سوننەت). |
| ٥٢ | بەشی نۆیەم: دەربارەی تەشریع و یاسا دینی و دونیایەکانی خوای گەورە کە هەردووکیان یەکسانن. |
| ٥٨ | بەشی دەیەم: دەربارەی قەزا و قەدەری خوای گەورە و ویست و ئیرادە و هۆکارەکان. |
| ٦٢ | بەشی یازدەیەم: دەربارەی مردن و زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە و سزا و پاداشتوەرگرتن. |
| ٦٥ | بەشی دوازدەیەم: دەربارەی کۆمەڵی موسڵمانان و گوێڕایەڵیکردنی پێشەوای موسڵمانان و هەندێ شتی تر. |
| ٦٩ | بەشی سیازدەیەم: دەربارەی جیهاد و تێکۆشان، جۆرەکانی و مەرجەکانی و چۆنیەتی نیەت تیایدا. |
| ٧٢ | بەشی چواردەیەم: دەربارەی حوکمدان بەسەر یەکێکدا بە کوفر و بێباوەڕی و مەرجەکانی و هەندێك شتی تر. |
| ٧٤ | بەشی پازدەیەم: دەربارەی بەندایەتی و هەقیقەتی ئازادی و سنوورەکانی. |
| ٧٩ | پێرستی بابەتەکان |

Zadyreman